# ئاڵای کوردستان..
# ناسنامەیەک بۆ گەل و
# پێناسەیەک بۆ نیشتمان



عەبدولڕەحمان سدیق
asidiq1962@yahoo.com

بەڵگەنەویستە کە هاووڵاتییانی خاوەن یەك ئاڵا، هەست بەبوونی نیشتمانیی خۆیان دەکەن و، پێوەندی نێوان ئاڵا لاوەکییەکانی وەك ئاڵای حزب و ئاڵای ڕێکخراوەو، ئاڵای کۆمپانیاو، ئاڵای یانەو، ئاڵای دەستەو کۆمەڵەکانیش، پتەوتر دەکات و، هەر هەموشیان لە سێبەری خۆیدا کۆدەکاتەوەو لە ئامێز دەگرێت.

ئەمە جگە لەوەی کە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ناساندنی کیان و قەوارەی سیاسیی هەر گەل و نەتەوەیەك بە کۆمەڵگەی جیهانیی و گەلانی دنیا.

ئاڵایەك کە لە سایەیدا تەواوی (ڕەنگ) و (دەنگ)ەکانی نێو نیشتمان ئازادانە پێکەوە دەژین.

ئاڵایەك کە لە سێبەریدا ململانێی نێوان ڕەنگە لاوەکییەکان هێور دەبێتەوە .

ئاڵایەك کە لە هەر شوێنێکی نیشتمان و جیهاندا بەرز دەکرێتەوە، ناسنامەی گەلەکەمان و پێناسەی وڵاتمان دەبێت.

بۆیە گرنگیی پێگەی ئاڵا لەوێوە دەست پێدەکات کە هەمیشە ئاڵا لەهەزری نەتەوەی کوردو گەلی کوردستاندا زۆر ڕاستییمان بیر دەخاتەوە لەوانەش:

یەکەم: ئاڵای کوردستان جەخت لەسەر ئەو تێگەیشتنە نەتەوەییە دەکاتەوە کە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە کە مرۆڤ — هەر مرۆڤێك - وەکو تاك، لەدنیادا سێ بازنەی برایەتیی سەرەکی دەورەی داوە کەبازنەی (برایەتی نەتەوایەتی)و بازنەی (برایەتی ئاینیی)و بازنەی (برایەتی ئینسانی)ن.

هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی مرۆڤیش لە سەرەتاوە بۆ بازنەی نزیکی خۆی دەبێت و هەر کاتێکیش بەئامانج گەیشت، ڕوو لەگەلان و نەتەوەکانی دی دەکات، واتە ڕووی خێری لەنەتەوەکەی خۆی دەبێت ئەگەر لێی زیاد بوو دەیبەخشێت بەگەلانی هاوئاینیی، ئەگەر لەوانیش زیادبوو، دەیبەخشێت بەگەلانی نێو بازنەی برایەتیی ئینسانیی.

بۆیە هەردوو چەمکی (نەتەوە)و (ئایین) دوو چەمکی دژ بەیەکدی نین تا بەراورد لەنێوانیاندا بێتە ئاراوە، بەڵکو پێوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت، بۆیە پێوەندیی نێوان (نەتەوە)و (ئایین) پێوەندییەکی تەواوکارییە نەك جیاکاریی، هەر لێرەشەوە گەر (نەتەوە) لاشەو جەستە بێت، ئەوا (ئایین) بریتییە لە ڕۆح و گیان.

دووەم : ئاڵای کوردستان ئەو ڕاستییەمان وەبیر دێنێتەوە کە مافی سروشتیی و خواپێداوی خۆمانە کە خاك و نیشتمان و زێدی باووباپیرانی خۆمانمان خۆش بوێت، بە تایبەت کوردستانی ئێمە، کە جگە لە خۆمان، خەڵکان و گەڕیدەو پسپۆڕو مێژوو نووسانێکی زۆر، شایەدیی ئەوەی بۆ دەدەن کە خاوەنی زۆر سیفات و تایبەتمەندێتی جۆراو جۆرو کەم وێنەیە، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ شوێنی بەرچاوو هەڵکەوتووی کوردستان دەکات، وەك خاکێکی پڕ خێرو بەرەکەتی نەبڕاوە کە شایانی ئەوە بووە، ببێتە شوێنی رزگاربوون و، لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی.

سێیەم : ئاڵای کوردستان هانمان دەدات کەبایەخ بەزمانی نەتەوەییمان بدەین و، ئەوەش بزانین کە ئێمەی کورد هەقی خۆمانەو، بگرە ئەرکی سەرشانیشمانە کە بە هەموو شێوەیەك لەخەمی بەزیندوو ڕاگرتنی زمانەکەماندا بین بەهۆی هەوڵدانی زانستیانەو ئەکادیمیانە بۆ هێنانە ئارای زمانی یەکگرتووی کوردی و، بەهۆی دەوڵەمەند کردنی زمانی نووسین و خوێندنی کوردی بەزاراوە ڕەسەنەکانی دیالێکتە جۆراو جۆرەکانی زمانی کوردی و، ئەمەش لەڕێگەی پرۆگرامی خوێندن لەقوتابخانەکانداو، لەڕێی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بیستراوو بینراوو خوێنراو، هەروەها لەڕێگەی ئەدەبیاتی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و، کۆمەڵەو گرووپە ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی و هونەرییەکانەوە.

چوارەم: ئاڵای کوردستان ئاوێتەی جەژنی نەتەوەییمان دەبێت و، هەموو ساڵێك، وەکو پیشەی سەدان ساڵی لەمەوبەری گەلەکەمان، لە ئێوارەی ڕۆژی پێش نەورۆزدا، ئاگری

سەرکەوتن دەکەینەوە، بە بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستانەوە یادی سەرکەوتنی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەرو، کۆتایی هاتنی لاپەڕەیەکی زوڵم و زۆرداریی لە مێژووی نەتەوەکەماندا رادەگەیەنین، ئەو نەتەوەیەی لەم رۆژەو لەم جەژنەدا بۆ تەواوی دنیا ئاشکرای دەکات کە گەلێکی سەربەخۆی خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی و، (نەورۆز)یش کە لەدروست بوونی دەوڵەتی (ماد)ەوە کردوومانە بە سەرەتای ساڵی کوردیمان، گەورەترین جەژنی نەتەوەییمانە.

پێنجەم : ئاڵای کوردستان ناخمان بە گیانی ئینتیمای نەتەوەیی پڕ دەکات و، پێشمان دەڵێت کە تۆماری سەروەرییەکانمان بەناوی کوردییەوە بپارێزین و، ناوی کوردیمان بکەینە ئەو هۆکارە دێرینەی کەهەزاران ساڵە، مرۆڤەکان بەیەکدی و، بەتەواوی شوێن و کات و شتەکان ئاشنا دەکات و، دێرینیی و جوانیی خۆیشی لەناوە پیرۆزەکانی خواوە وەرگرتووەو، بڵاوبوونەوەیشی لەفەرهەنگی یەکەم مرۆڤی سەر ئەم زەمینەوە بۆ دەستەبەر بووەو، بەردەوامبوون و نوێبوونەوەیشی، لەچالاکییە بەردەوام و نوێیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیدی لەو رۆژەوەش کەخوای گەورە زمانە جیاجیاکانی گەلان و نەتەوەکانی سەرزەمینی بەنیشانەی دەسەڵات و توانای بێ سنووری خۆی دانا، تاك و کۆی هەر نەتەوەیەکیش وەکو ئیرادەیەکی خوا ویستانە، لەهەوڵی ناولێنانی خەڵك و شوێن و شتەکان بوونە بەزمانی خواکردی خۆیان.

شەشەم : ئاڵای کوردستان ئەو راستییەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە (ئاڵا) ئەگەرچی لە رەنگێك یان چەند رەنگێك و، لە مەترێك یان زیاتری پارچە قوماشێك دروست دەکرێت، بەڵام لە واقیع دا چەترێکەو، لە سێبەریدا هەزاران کەس و، لەسەر سەدان کیلۆمەتری چوار گۆشەش لە خاك و ئەرز، هاو ئومێدو هاوخەم پێکەوە دەژین.

بۆیە زۆر بوون ئەو جارانەی تێیاندا، سیاسەتمەدارو رووناکبیرانی کوردستان جەختیان لەسەر کۆبوونەوەی هەموو لایەك کردۆتەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستاندا.

بەڵام ئاشکرایە کە بەرژەوەندیی هاوبەش و، چارەنووسی هاوبەش و کۆك بوون لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، هەر هەموویان ئەو چەمکە مەعنەوی و واتاییانەن، کە بۆ بەرجەستە کردنیان لە ژیانی رۆژانەدا پێویستییەکی زۆرمان بە دۆزینەوەی میکانیزمی هاوبەش هەیە، چونکە چوار چێوە هاوبەشەکانن کە بەرژەوەندیی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش دەپارێزن.

یەکێك لەو میکانیزمانەی کە خەڵکێك لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوەو، چارەنووسیشیان بەیەکەوە گرێ دەدات و، خەمی هاوبەش و هیوای هاوبەشیان بەرجەستە دەکات، بوونی (ئاڵا)یە.

لێرەوەو لەم پێشەکییە پێویستەوە، پاراستنی ئاڵای هەرێمی کوردستان و، زیندوو راگرتنی رۆژی ئاڵای کوردستانیش، زەرورەتێکی نیشتمانیی و مێژوویی ئەوتۆیە کە وا چاکە هەموو کەس لەلای خۆیەوە پشتگیری لێ بکات، بەلای کەم لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن.

ئایینی ئیسلامیش کە جەخت لەسەر پێویستیی ئیمان و، بەرژەوەندیی خەڵك و، بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات و، میکانیزم و جۆری پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەو گەلانیشی بۆ خۆیان بەجێ هێشتووە، بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانەو لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندیی هەمواندا، چوارچێوەکان دیاری بکرێن، لەم بوارەدا لای رەوایە کە نەتەوەو گەلانی موسڵمان لەژێر سایەی ئیسلامدا، (ئاڵا)ی تایبەت بەخۆیان هەبێت، چونکە (ئاڵا) فاکتەری کۆکردنەوەی خەڵك و جەماوەرە، هەر لەبەر ئەمەشە لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتدا لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) لە (مەدینە)دا، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بوونی (ئاڵا) یەکی بەپێویست زانیی.

> **پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) رێگەی دەدا کە هەر تیرەو هۆزێک ئاڵای تایبەتی خۆیان هەبێت لە پاڵ ئاڵای ناوەندیدا، وەک (ئیبنوکەسیر) لەبارەی چۆنیەتی چوونە ناو (مەککە) وە دەڵێت: هەر هۆزێک لەژێر ئاڵای خۆیدا چوونە مەککەوە**

بەم شێوەیە ئاڵای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕەش بووەو، لیواکەیشی واتە ئاڵا پێچراوەکەی سپی بووە.

ئەم ئاڵا ناوەندی و سەرەکییەی دەوڵەتی ئیسلامیش نەبۆتە رێگر لە بەردەم بوونی ئاڵای تایبەتی هۆزو تیرەکاندا، بۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) رێگەی دەدا کە هەر تیرەو هۆزێك ئاڵای تایبەتی خۆیان هەبێت لە پاڵ ئاڵای ناوەندیدا، وەك (ئیبنوکەسیر) لەبارەی چۆنییەتی چوونە ناو (مەککە)وە دەڵێت: هەر هۆزێك لەژێر ئاڵای خۆیدا چووەتە مەککەوە.

هەر هۆزو تیرەیەکیش ئارەزوومەندانە ڕەنگ و شێوەی ئاڵای خۆی دیاری کردووە، ئەوەتا (بەنو سەلیم) داوایان کرد کە ئاڵاکەیان (سوور) بێت، پشتیوانانیش کە موسڵمانانی مەدینە بوون، ئاڵاکەیان (زەرد) بوو.

لەمانەی پێشەوە دەگەینەوە ئەو ئەنجامەی کە دەوڵەتی ئیسلامیی دەوڵەتێکی کراوەی لە چەشنی کۆنفیدراڵییە کە تێیدا (ناوەند) رێگە دەدات گەلان و نەتەوەی خاوەن تایبەتمەندێتی، حکومەت و سوپاو ئاڵای تایبەت بەخۆیانیان هەبێت.

بۆیە کە عەبباسیەکان ئاڵای رەسمی خەلافەتیان (ڕەش) بوو، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە فراوانەدا، (صلاح الدين)سەرۆکی دەوڵەتی (ئەیووبی) بوو کە رووبەرەکەی لەنێوان کوردستان و (میسر)و (یەمەن) دا بوو، ئەم دەوڵەتە خاوەنی ئاڵای خۆی بوو.

بۆیە (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبی (کوردو کوردستان)دا سەبارەت بە شوورەی (قاهیرە)و قەڵاکەی دەڵێت: (واقیعا ئەم شوورەیە زۆرجار (تەعمیر)و (تەغییر) کرا، بەڵام عەلامەتی بە بەیداخی سوڵتان (واتە صلاح الدين) کە هەڵۆیەکی (سوور) لەسەر زەمینێکی (زەرد)بوو، ئێستاکەش بەسەر یەکێك لەدیوارەکانی قەڵاکەوە ماوە).

ئەمەش لە روانگەی ئەوەی کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێی باش بووە کە هەموو گەل و نەتەوەیەك لەژێر ئاڵای خۆیان دا ئیسلامەتی پەیڕەو بکەن.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێی خۆش بوو کە هەموو کەسێك لەژێر ئاڵای قەوم و هۆزی خۆیدا بجەنگێت. دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ – هەر مرۆڤێك – لەژێر ئاڵای نەتەوەی خۆی و، لە نێوان خزم و ناسیاوی خۆیدا حەز دەکات ئازایەتی و کارامەیی خۆی بنوێنێ، هەر لەوێشدا حەز دەکات کەموکوڕیی و کەمتەرخەمی لێ دەرنەکەوێت، ئەمەش راڤەکردنی دەقی قسەو لێکدانەوەی ئیمامی (الشوكاني)یە.

حەوتەم : لەبەر رۆشنایی هەموو ئەمانەی پێشەوە، کوردستان مافی شەرعیی خۆیەتی کە دەوڵەت بێت و ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆیشی هەبێت، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیی زلهێزانی سەردەم و سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان و هەندێك لە وڵاتانی ئیقلیمی، هێشتاو تا ئەمڕۆ ئەو مافە شەرعی و خوا پێداوەیان پێ رەوا نەبینیبێت، ئەوا هەتا ئەو رۆژە دادێت کە هەموومان پێی شاد دەبین، ئێستا جێگەی خۆیەتی کە هەرێمی کوردستان لە روانگەی ئەو تایبەتمەندێتییەی کە هەیەتی، خاوەنی ئاڵای خۆی بێت و، رۆژی ئاڵاش بەرزو زیندوو رابگرێت.



# هەڵکردنی

# ئاڵا

## یەکڕیزیە

بۆ پیشاندانی ئیرادەی

## نەتەوەیی





((ئـاڵا سـیمبولی نەتەوەیـە و شـەکاندنەوەی نیشـانەی نیشـتما نپە ر و ە ر ییە ، ئە و سیمبولە ئاماژەیە بۆ ئینتمامان بـە نەتەوەیەکـەوە، ئێمـەی ئەمریکی لەدوای کارەساتی ١١ی سـێپتەمبەر هەموو ئاڵای وڵاتی خۆمان بەرز کردەوە، یان ئاڵامان لەبەرۆکماندا، ئەمەش پەیمان نوێکردنەوەبوو بۆ پیشـاندانی دڵسـۆزی و نیشـتمانپەروەری بۆ وڵاتـی خۆمان و نیشـانەی دووبـارە پیشـاندانەوەی یەکڕیزی گەلـی ئەمریکابوو لە رۆژە سـەختەکاندا، هەربۆیـە ئـەوە کارێکی ئاسـاییە کاتێک هەڕەشـەیەکی دەرەکی دەکەوێتە سەر وڵات یان کارەساتێک بەسەر وڵاتدا دێت، هاووڵاتیان هەموویان ئـاڵای وڵات بەرزدەکەنـەوە، ئەم بەرزکردنەوەیە پیشـاندانی سـیمبیولێکە بـۆ یەکگرتنـی نیشـتمانی لەسـەر هەبوون و خۆسـەلماندنەوەی نەتـەوە و نیشـانەی ئەوەیـە کـە هەموو ئامـادەن بـە یەکڕیـزی و یەکهەڵوێسـتی رووبـەڕووی تەحددییەکان ببنـەوە، ئێوەش وەک کورد ئاڵای تایبەتی خۆتان هەیە، ئێسـتا لەناو پەرلەمانی کوردستان هاوشانی ئاڵای عێراق، ئـاڵای کوردسـتانیش دانراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە راستە ئێوە بەشـێکن لە عێراق، بەڵام نەتەوەیەکن ناسنامەی تایبەتی نەتەوەیی خۆتانتان هەیە)).

**رۆبەرت رابیل**

چوار ساڵ دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، جارێکی دیکە سامۆئیل هنتگتن بە کتێبێکی دیکە بە ناونیشانی (ئێمە کێین؟ Who are we?) وتووێژێکی فیکری لەسـەر کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەمریکا وروژاندەوە، کە ئەم وروژاندنەوەیەش شـتێکی ئەوتۆی لەو وتووێژە کەمتر نەبـوو کە توێژینـەوە بەناوبانگەکەی (پێکدادانی شارسـتانیەتەکان - Clash of Civilizations) لەساڵی ١٩٩٣ دروستی کـرد، هەربۆیە ئەگـەر کتێبـی پێکدادانی شارستانیەتەکان بە پێشبینی هنتگتن دابنرێت بـۆ روودانی پێکدانێك لەنێوان شارسـتانیەتی رۆژئاوا و شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ئیسلامی کە لە ١١ی سێپتەمبەر بە تەقاندنەوەی هەردوو باڵاخانـەی سـەنتەری بازرگانـی جیهانی لەنیویۆرك دەستی پێکرد، ئەوا کتێبی دووەمی (ئێمـە کێین؟) هەوڵێکە بـۆ ئامادەکردنەوەی

**لای هنتگتن**
**کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر**
**بووە هۆکاری ئەوەی**
**ئەمریکیەکان بە هۆش خۆیان**
**بێنەوە و هەست بکەن کە**
**وڵاتەکەیان لەمەترسیدایە**

ئیـرادەی هاووڵاتیانـی ئەمریـکا بۆ ئەوەی بتوانن رووبەڕووی تەحدییەکانی ئاییندە ببنەوە، هنتگتن مەرجی سـەرەکی بۆ سەرکەوتنی ئەم رووبەڕووبوونەوەیـەی گرێداوەتەوە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویـی ئەمریکیەکانـەوە بـەوەی هەمـوو پێکەوە وەڵامی ئەو پرسـیارە بدەنەوە: ئێمە کێیـن؟، بەڵام ئەم پرسـیاری دیکە کە ئەم پرسـیارە دەیوروژێنێت ئەوەیە، ئایا کاتێك هنتگتن ئەم پرسـیارەی وروژاندووە، گومانی لەسـەر ئەوە هەبووە کە ئەمریکیەکان هەستیان بەرامبـەر ناسـنامەی ئەمریکیبوونیان لاواز بووە؟ بێگومان بەڵێ، لەبـەر ئەوەی هنتگتن ئامـاژە بـەوە دەکات پێش کارەسـاتی ١١ی سـێپتمبەر کاتێك یانەی تۆپـی پێی یەکێك لە ولایەتەکانی ئەمریکـی لەگەڵ یانەیەکی مەکسـیکی لە ویلایەتی نیومەکسـیکۆ، لەو گەمەیـەدا تیپـی ئەمریکا لەسـەر خاك و گۆڕەپانی خۆی لەلایەن هاندەرانەوە وەك میوان سەیرکراوە و تیپەکەی مەکسیك وەك خانەخوێ سـەیرکراوە، هەربۆیـە هنتگتـن گەڕانەوەی ئەمریکیـەکان بۆ ژێرئاڵای ئەمریکا و دووبارە ئینتماکردنەوەیان بۆ ناسـنامەی ئەمریکیان بە خاڵێکـی گرنگ دەزانێت بۆ ئـەوەی بتوانن رووبـەڕووی تەحدییەکان ببنەوە، لای هنتگتن

کارەسـاتی ١١ی سـێپتەمبەر بووە هۆکاری ئـەوەی ئەمریکیەکان بە هۆش خۆیان بێنەوە و هەست بکەن کە وڵاتەکەیان لەمەترسیدایە، بۆیە ئەو هاتووە رێژەی فرۆشتنی ئاڵای ئەمریکی لە رۆژانی پێش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و رۆژانی دواتر بەراورد کردووە و گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر رێـژەی کڕینی ئاڵای ئەمریکی بە ئاسـتێك زیادی کـردووە کە هەمـوو ئەمریکیەك وەك هێمایەك بۆ یەکڕیزیی ئاڵای شـەکاندۆتەوەوە یان ئاڵای لە بەرۆکی خۆیداوە، سـەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر رۆبەرت جی رابیل بەڕێوەبەری دیراسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی فلۆریدا ئەتلەنتیك لـە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بە ناسنامەی نیشتمانی و ئاڵا وەك سـیمبولی نەتەوەیی، بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن : (ناسنامەی نەتەوەیی بەشێکە

**هەڵکردنی ئاڵا جیا لەوەی**
**دەبێتە نیشاندانی سیمبولێک**
**بۆ ناسنامەی نەتەوەیی،**
**لەهەمانکاتدا رەهەندێکی**
**دیکەش وەردەگرێت بۆ**
**بونیادنانی دەوڵەت**

لە بیری نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك، بۆیە ناکرێت بڵێین ناسـنامەی نەتەوەیی جیـاواز لە بیری نەتەوەیی و نیشـتمانی، بەڵام پرسـیار ئەوەیە ئایا چۆن پێناسەی نەتەوە و نیشتمان دەکەین؟ بێگومان بەپێی بۆچوونی سـەردەم نەتەوە واتە کۆی هاووڵاتیان و ناسـنامە ئەوەیە چۆن ئەم هاووڵاتیانە پێناسەی خۆیان دەکەن، ناسنامەش بێگومـان بریتییە لە مێژوو و کەلتور و زمان و ئایین، هەموو ئەمانەش پێکەوە دەبنە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشـتمانی، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا ئاڵا دەبێتە بەشـێك لە ناسنامەی نەتەوەیی؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێم ئاڵا دەبێتە سـیمبولێك بۆ پیشاندانی ناسنامەی نەتەوەیی و تاکەکانـی نەتـەوە لەژێر ئـاڵادا پەیمانی وەفاداری بـۆ نەتەوەی خۆیان پیشـاندەدەن، لێرەدا پرسیاری دیکە ئەوەیە پەیمانی وەفاداری بۆ نەتەوە مانای چیە؟ بێگومان پیشـاندانی پەیمانـی وەفـاداری ئەوەیە کاتێـك تاکەکان ئاڵای نەتەوەیی خۆیان بەرزدەکەنەوە و ئەمەش نیشـانەی پیشـاندانی پەیمانـی نەتەوەییە، لەمەش زیاتر کاتێك هاووڵاتیان هەموو پێکەوە ئـاڵای نەتەوەکەیان بەرز دەکەنـەوە، ئەمەش ئاماژەیە بـۆ ئەوەی یەکڕیزی نیشـتمانی و نەتەوەیی پیشانبدەن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە



ئاڵا سیمبولی نیشتمان پەروەرییە، سمیبولێکە لەسەر پەیوەندیمان بە نەتەوەیەك، هەروەها لە ساتە ناخۆشەکانیشدا شەکانەوەی ئاڵا هێمایە بۆ یەکریزی نیشتمانی، ئێمەی هاووڵاتیانی ئەمریکا کاتێك لە ١١ی سێپتەمبەر هێرشمان کرایە سەر، زۆربەی زۆری هاووڵاتیان ئاڵایان بەرز دەکردەوە و یاخود ئاڵایان لەبەرۆکیاندەدا، ئەمەش نیشانەیەك بوو بۆ پیشاندانەوەی خۆشەویستی بۆ نیشتمان، بۆیە کاتێك هاووڵاتیان لەژێر گوشار و فشار بن و یاخود هێرشیان لەسەر هەبێت و یانیش کە مافەکانیان زەوتکرابێت و یان کاتێك هەڕەشەیەکی دەرەکی لەسەریان هەبێت ئەوە لەو جۆرە حاڵەتانەدا ئاڵا بەرزدەکەنەوە، ئاڵا سیمبولێکە بۆ یەکگرتنی نیشتمانی و هەروەها سیمبولێکە لەسەر هەبوون و خۆسەلماندنی گەلی وڵات و نیشانەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئەوان ئامادەن پشتی

**ئاڵا تەنیا ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەیی نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی سیاسیش هەڵدەگرێت**

یەك بگرن و روبەڕووی تەحەدداکان ببنەوە، ئێوەش وەك کورد ئاڵای تایبەتی خۆتان هەیە، لەناو تەلاری پەرلەمانی کوردستان هاوشانی ئاڵای عێراق، ئاڵای کوردستانیش هەیە، ئەمە شتێکی زۆر گرنگە کە کورد ئاڵای خۆی هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە ئێوە خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی تایبەتی خۆتانتان هەیە)).

**هەڵکردنی ئاڵا سەلماندنەوەی بوونی نەتەوەیە**

ئەگەر هەڵکردنی ئاڵا وەك مافێکی نەتەوە سەیر بکەین و رۆژی هەڵکردنی ئاڵا و شەکانەوەی ئاڵا بەدەست تاکەکانی نەتەوە وەك پیشاندانی ئیرادەی نەتەوە بەرجەستە بکاتەوە،





ئەوا ئــەو کاتەی تــاك بڕیــاردەدات ئاڵای وڵاتەکەی وەك پیادەکردنی مافێك بەرزبکاتەوە، واتــە بڕیــاری داوە ئەو هەســتە نەتەوەییەی لەناخی خۆیدا وەك هەستێکی خودی هەیەتی، بیگۆڕێت بۆ هەســتێکی بابەتیانەی کۆمەڵی و لەمیانــەی هەڵکردنی ئاڵاوە ئــەو ئیرادەیە پیشاندەدات کە نەتەوەکەی خواستی بونیادنانی دەوڵەت و دامەزراوە و سەروەریی یاسایی هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کاتێك هەستی خودی تاك دەبێتە هەســتێکی بابەتیانەی بەکۆمەڵ، ئیرادەیەك پیشاندەدرێت کە دەبێتە هێما بۆ کۆی ئیــرادەی نەتەوە، ئەم ئیرادەیــەش کە گیانی زیندووی نەتەوە بەرجەســتەدەکاتەوە بەرهەمی کۆی ئیــرادەی تاکەکانە کە لــە ئامانجێکی ئاقڵانــەدا خــۆی دەردەخاتــەوە کــە ئەویش رێکخســتنەوەی مافی تــاك و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە لــە چوارچێــوەی دەوڵەتدا، لەم حاڵەتەشــدا کە مەبەســتی ئاقڵمەندی تاك لە پێناسەی ئازادیدا خۆی پیشــاندەداتەوە، ئەوا بەبێ دەوڵەت ئەو ئازادییــە بوونی نابێت، لەم حاڵەتــەدا کــە ئامانجی ئیــرادەی نەتەوە لە خاڵێکدا یەکانگیــر دەبێت بۆ بونیادی دەوڵەت وەك پێداویســتیەکی ســەرەکی بــۆ زەمینە رەخساندن بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەفرازی، ئــەوا هەڵکردنی ئاڵا هەموو ئیــرادەی نەتەوە پیشــاندەدات، بۆ گەیشــتن بە دوایین ئامانج کە بونیادنانــی دەوڵەتە و دەوڵەت دەبێتە چەتر و پارێزەری ئازادی هەمووان و هەســتکردنی تاکــەکان بەبوونی خۆیان وەك مرۆڤێکی ئازاد، بۆیە لەم راســتەوە هەڵکردنی ئاڵا جیا لەوەی دەبێتە نیشــاندانی ســیمبولێك بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، لەهەمانکاتــدا رەهەندێکی دیکەش وەردەگرێــت بــۆ بونیادنانی دەوڵــەت، لەبەر ئەوەی بەبێ دەوڵەت ناسنامە و ئازادی نەتەوە وەك خــۆی نایەتــەدی، پرۆفیســۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی سەرۆکی بەشی عەدالەی جنائی و زانســتی سیاسەت لەزانکۆی نۆرس داکۆتا، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەڵکردنی ئاڵا تەنیا پیشــاندانی ناسنامەی نیشتمانی نییە، بەڵکو رەهەندێکی دیکەی سیاسیی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو نەتەوەیە بێ دەوڵەت بێــت، مانای ئەوەیە ئەو نەتەوەیە دەیەوێت دەوڵەت بونیاد بنێت، لەمبارەوە پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (ناسنامەی نەتەوەیی رۆڵێکی گەورە لە پێناســەی نەتەوەیەکــی دیاریکراو دەگێڕێت و، ناســنامەیەك بە خەڵك دەدات کە ئەوەندە پڕ لە هەســت و سۆزە کە دەبێتە بەشێك لەوەی ئەوان کێن، و چــۆن لە خۆیان دەڕوانن و چــۆن لە خەڵکەکە دەڕوانن لــە پێیوەندیاندا لەگــەڵ دەوڵەتدا و کاریگەری هەیە بەســەر ئەو سیاسەتەی دەیگرنەبەر، هەڵکردنی ئاڵاش پیشاندانی ئەو هەستەیەو دەربڕیی ئەو ئومێدەیە کــە نەتەوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، لەبەر ئــەوەی ئەگەر تۆ نەتەوەیــەك بیت و دەتەوێت ببیتە دەوڵەت، ئەوا دەبێت ئاڵات هەبێت، چونکە دەوڵەت ئاڵای هەیە، لە ئەمەریکادا رێککەوتن لەسەر ئاڵا-وەك رەمزێك- هەندێ کاتی ویست. هەروەها بــۆی هەیە ئەمە تەحەددیەك بێت بۆ وڵاتەکە، ئەویش لە رێی خۆجیاکردنەوە، لەرێی راگەیاندنەوەی ئەوەی کــە ئێمە رەمزی ئێوە قبــوڵ ناکەین و ئێمە بــرەو بە رەمزی خۆمان دەدەین، کەواتە ئەکرێت ئەمە دووپاتکردنەوە بێت، ئەکرێت تەحەددی بێت، واتە ئەگەری ئەوە هەیە بە هەردوو ئاراســتەکەدا بڕوات. لەمەش زیاتر ئاڵا ئەوە جیا دەکاتەوە کە کێ بەشێکە لە نەتەوە و کێ بەشێك نییە لە نەتەوە، ئەگەر لە ئاڵای بەریتانیای مەزن بڕوانیت ئەوا دەبینیت کە سێ ئاڵا تێکەڵکراوە بۆ ئەوەی ئاڵایەکی یەکگرتوو دروست بکەن، کە بریتییە لە ئاڵاکانی ئایرلەندا و سکۆتلەندا و ئینگلتەرا. بە پێچەوانەوە کاتێك لــە کرواتیــا دەڕوانیت، ئــەوا زۆر بە ڕوونی ئەوەیــان راگەیاند ئەمە ئــاڵای کرواتەکان و سربەکان ناگرێتەوە، کەواتە سربەکان بەشێك نین لە نەتەوەکە. کەواتە لــە هەندێ حاڵەتدا ئاڵا بۆ ئەوەیە بــە خەڵکی دەرەوە بڵێین کە وڵاتەکە

**بەدرێژایی مێژوو لای سەرجەم نەتەوەکان ئاڵا ڕەمزێکی نەتەوەیی گرنگ بووە**

**هەڵکردنی ئاڵا مانادانەوەیە بە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەی ژێر دەست و نەتەوەی سەردەستیش**

**بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت هەڵکردنی ئاڵا یان دانانی رۆژێک بۆ هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی، جیا لەوەی پیشاندانی خواستی نەتەوەیەکە بۆ سەربەخۆیی، لە هەمانکاتدا پەیامێکە بۆ کۆتاییهێنان بە سەرکوتکاریی**





چییە و چۆنە، کەواتە ئاڵا تەنیا ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەیی نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی سیاسیش هەڵدەگرێت. هەربۆیە ئاڵا توخمێکە بۆ پیشاندانی ناسنامەی نەتەوەیی، بەڵام دەکرێت توخمی دیکەش لەو ناسنامەیدا بەشدار بێت، بۆ نموونە هەندێ شتی مێژوویی هەیە کە نەتەوەکە خاوەنیەتی، ئەگەر لە لەندن بیت و بچیتە مۆزەخانەی نیشتیمانی بەریتانیاوە، دەبینین پەیکەری ئەکرۆپۆلس یۆنانی دانراوە، ئەم پەیکەرە لای یۆنانیەکان وەك بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان سەیردەکرێت بۆیە پێیان خۆش نییە لەو مۆزەخانەیەدا دانراوە و دەڵێن ئەمە موڵکی ئێمەیە و ئێوە لە ئێمەتان دزیوە و پێویستە ببێتەوە موڵکی یۆنان، کەواتە ڕەمزگەلێك بۆ پیشاندانی ناسنامەی نیشتمانی هەیە، هەروەها دەکرێت شوێنگەلێکی دیاریکراو بن، بۆی هەیە کلێسا بن یان مزگەوت......کە پەیوەستن بە نەتەوەکەوە، بە هەمان شێوە زەوی، واتە بانگەشەکردنی ئەوەی ئەمە خاکی ئێمەیە و ئەمە زەوی ئێمەیە، کەواتە ئەمە هێمایەکی ڕەمزی ڕاستەقینەی هەیە بۆ

**ئەگەر هەتا ئێستا ڕژێمەکانی عێراق پێناسەی نەتەوەی عەرەبیان وەک نەتەوەیەکی سەردەستی داگیرکار کردبێت، ئەوا ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، عەرەبی عێراق پێناسەیەکی دیکە بۆ ناسنامەی خۆی دەکاتەوە**

نەتەوە، بۆ نموونە لە ناکۆکی نێوان کۆسۆڤۆ و سربیا بڕوانن- بە دڵنیایەوە ناکۆکیگەلێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە کە پەیوەندی بەخاکەوە هەیە، لەسەر ئەم خاکە ئێستا هیچ سربیەك ناژی، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە خاکی سربەکان بووە بۆ نزیکەی ٥٠٠ ساڵ، کەواتە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی شەڕی لە پێناودا بکەیت، ئەگەرچی هیچ سربیەکیشی لێناژێیت، بەو پێیە خاك گرنگیەکی زۆری هەیە، کەواتە هەموو ئەم شتانە گرنگن بۆ دروستکردنی ڕەمزێکی تایبەت بە نەتەوەکە)).

## لە ئەمریکا
## ئاڵا بە ئاستی ئایین پیرۆزە

هەستی نەتەوەیی یان چەمکی دەربڕینی بیری نەتەوەیی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر نەتەوەیەك سەردەست بێت و بیەوێت بەزۆرداری خاکی نەتەوەیەکی دیکە داگیر بکات و لەم پێناوەشدا



**ڕۆبەرت جی رابیل بۆ گوڵان:**

**ئاڵا سیمبولێکە بۆ یەکگرتنی نیشتمانی و نیشانەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئەوان ئامادەن پشتی یەک بگرن و ڕووبەڕووی تەحەدداکان ببنەوە**

ناسنامەی نەتەوەی بەرامبەر بتوێنێتەوە، ئەوا ئەو هەستە پێی ناگوترێت بیری نەتەوەیی، بەڵکو پێی دەگوترێت رەگەز پەرستی و فاشیزم، بەڵام ئەگەر نەتەوەیەك خاکی داگیرکرابێت و زوڵم و زۆری قبوڵ نەکردبێت و لە پێناوی گێڕانەوەی مافەکانی سیاسەتی پاکتاو رەگەزی و ژینۆساید لە دژی ئەنجامدرابێت، ئەوا هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی خاکی و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکەی، بیری نەتەوەییەکەی دەگۆڕێت بۆ فیکرێکی ئینسانی کە ئامانجی ئەوەیە نەتەوەیەك رزگار بکات و نەتەوەی بەرامبەریش بە ئاگا بێنێتەوە، کە نەتەوەکان بە جیاوازییەکانیانەوە پێکەوە جوانن نەك هەوڵبدرێت لەپێناوی بەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست نەتەوەکانی دیکە بتوێنرێنەوە، لەم چوارچێوەیەدا بیری نەتەوەیی لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگۆڕێت، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ستیڤان ڤان ئیڤیرا ئوستادی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی ماسیۆشید تەکنەلۆژی و تایبەتمەند لەبوارەکانی ڕێگرتن لەشەڕ و سیاسەتی ئاشایش و دەرەوە، لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بە بیری نەتەوەیی ئەو جیاوازی لەوە دەکات بەوەی ئەم پێناسەیە پێناسەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە یاخود پێناسەی نەتەوەیەکە کەخاوەنی دەوڵەتە، لەمبارەوە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی : (پێش هەموو شت ئەو پرسیارە دەکەم ئایا هەستی نەتەوەیی بەلای منەوە چیە؟ لای من هەستی نەتەوەیی ناسنامەیەکە کە بەهۆیەوە کەسێك دڵسۆزی و وەلائی خۆی بۆ گرووپێکی ئیتنی نەتەوەیی دەبێت، نەك بە دەوڵەتەکە، هەستی نەتەوەیی لای تاکێکی کورد ئەوەیە کە ئەولەویەتی یەکەم دەدات بە نەتەوەی کورد، کە کورد دەوڵەتی نییە، لە کاتێکدا ئەکرێت تۆ ناسیۆنالیستێکی ئەڵمانی بیت و دڵسۆزبیت بۆ نەتەوەی ئەڵمانی هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەڵمانیا دەوڵەتی هەیە، ئەوا ئەکرێت دڵسۆزیت بۆ نەتەوە و دەوڵەتی ئەڵمانی هەبێت، کاتێك من باسی ناسیۆنالیزم دەکەم، ئەوا باسی دڵسۆزی بۆ گرووپێکی نەتەوەیی دەکەم، بەڵام ئێوە باس لە دڵسۆزی بۆ دەوڵەت دەکەن و دەتانەوێت دەوڵەت بونیاد بنێن لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتن، بۆ ئێوە هەڵکردنی ئاڵاش هەمان مانای هەیە، بۆیە هەڵکردنی ئاڵا تا دوا رادده گرنگە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئاڵا وەك ڕەمزێك چ گرنگیەکی بۆ نەتەوە هەیە؟ بێگومان بەدرێژایی مێژوو لای سەرجەم نەتەوەکان ئاڵا ڕەمزێکی نەتەوەیی گرنگ بووە. لە ئەمەریکادا تا ڕاددەیەکی گەورە خەڵکی هەستێکی ئاینیان هەیە لە ئاست ئاڵادا، بۆ نموونە ڕێوشوێنی تایبەت بە هەڵگرتنی هەیە، نابێت هەرگیز بسوتێنرێت و فڕێدانی ئاڵای کۆن ڕێسای خۆی هەیە، واتە تا ڕاددەیەکی زۆر خەڵکی وەك بەڵگەنامەیەکی ئایینی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی ئایا ناسنامەی نەتەوەیی کاریگەری هەیە لەسەر ئینتیمای نەتەوەیی، ئەوا بە بۆچوونی من کاریگەریەکی گەورەی هەیە و پێم وایە هەستی نەتەوەیی- دڵسۆزی خەڵك بۆ گرووپە نەتەوەییەکەیان- بەهێزترین فۆرمی دڵسۆزیە لە جیهاندا، بەهێزترە لە دڵسۆزی بۆ ئایدۆلۆژیا، بۆ خێڵ و بۆ دەوڵەت و لە دڵسۆزی بۆ ئایینیش گرنگترە، ئەگەرچی دڵسۆزی نەتەوە و دڵسۆزی ئایینی بە یەکدا دەچن و لە دڵسۆزی بۆ چینی ئابووریش گرنگترە، کەواتە بەهێزترین فۆرمی دڵسۆزیە لە جیهاندا. پێم وایە حکومەتەکەی من- لە ئەمەریکا- ئەمە بە کەم دەگرن، پێیانوایە دڵسۆزی نەتەوەیی بەو ئاستە گرنگ نییە، بەڵام وا نین و پێویستە ئیقراری پێبکەیت و مامەڵە لەگەڵ دڵسۆزی نەتەوەییدا بکەیت، چونکە کاریگەرترین هێزن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بە شێوەیەکی گشتی پێم وایە ناسنامەی نەتەوەیی ئینتیمای نەتەوەیی گروپێکی نەتەوەیی دادەڕێژێت و ئەو وڵاتەی بەشێکن لێی، بۆیەپێم وایە هەستی نەتەوەیی و ناسنامە و دڵسۆزی نەتەوەیی زۆر گرنگن)).

پرۆفیسۆر ستیفان ڤان ئیڤیرا ئاماژەی بەوەکرد تەنانەت کاتێك کە ئاڵا کۆن دەبێت و پێویستە نوێ بکرێتەوە، ئەوا نوێکردنەوەکە ڕێوڕەسمی خۆی هەیە و هەر ئەوەندە نییە ئاڵایەکی تازە بێنین و ئاڵا کۆنەکە فڕێ بدرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا هەڵکردنی ئاڵا چۆن سەیر دەکەیت؟ ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی گوڵانی دایەوە: (بە زۆری خەڵکی لە دەوری ئاڵا کۆدەبنەوە و ئاڵا بەکار دەهێنن وەك ڕەمزێك



**تۆماس ئەمبرۆسۆی بۆ گوڵان:**

**هەڵکردنی ئاڵا دەربڕیی ئەو ئومێدەیە کە نەتەوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، ئەگەر تۆ نەتەوەیەک بیت و دەتەوێت ببیتە دەوڵەت، ئەوا دەبێت ئاڵات هەبێت**

بۆ یەکگرتووییان، کاتێك ڕووبەڕووی هێرش دەبنەوە یاخود کارەساتێکیان بەسەردێت، بەڵام پێموانییە خودی ئاڵا هۆکارێك بێت بۆ یەکگرتوویی، بەڵکو ڕەمزێکە خەڵکی بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی بڵێن ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەیە... جێی سەرسوڕمانە کە لە کاتی شەڕدا سوپا ئاڵا لەگەڵ خۆیدا دەبات، ڕەنگە بووترێت کێ پێویستی بە ئاڵا هەیە و با شەڕ بکەن، بەڵام ئاڵا لەگەڵ خۆیاندا دەبەن وەك ڕەمزێك بۆ یەکگرتووییان، واتە بۆ ئەوەی بە بەرچاوی هەموانەوە بێت و ورەیان پێبدات. هەروەها هیچ کەسێك نییە لە جیهاندا ئاڵای نەبێت، هەر لەبەر ئەوەیە ئاڵا گرنکی خۆی هەیە، بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت کۆکردنەوەی توخمەکان ناسنامەی نەتەوەیی زۆر گرنگە، بۆیە پێم وایە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بە جددی ئەم کارە بکات، ئەوا ئەمە دەبێتە بەشێکی گرنگ لە برەودان بە ناسنامەیەك

و برەودان بە ڕەمزی نەتەوەیی بە چەشنێك هەموو كەس وەك ڕەمزی نەتەوەیی پێی ڕازی بێت، هەروەها گرنگە هەموو لایەك بەشداری پێبكرێت لەبارەی ئەوەی ئەو ڕەمزانە چی بن، هەروەها ئەمە بەڵگەی یەكگرتنە و ئەوە بە جیهان دەڵێیت كە ئێمە ڕێككەوتین لەسەر ڕەمزێك. پێم وایە دەبێت نەتەوە لەوە زیاتر بڕوات و كەلتوری خۆی دروست بكات، و ئەوە دیاری بكات كە توخمە سەرەكیەكانی كەلتوری نەتەوەیی چین، كوردەكان كەلتوری خۆیان هەیە و پێویستە ئەوە بخەنەڕوو كە ئەوان كێن —چ نەتەوەیەكن- ئەوان زمانی هاوبەشیان هەیە و پێناسەیەكی بەرفراوانی كەلتورەكەیان بكەن. ناسیۆنالیستەكان سەرەتا لە ئەوروپادا كاریان لەسەر پرۆژەیەك كرد بۆ برەودان بە نووسینی كەلتوری نەتەوەییان......كتێبێك هەیە پێویستە بیخوێننەوە، دەربارەی ئەوەیە چۆن خەڵكانی دورگەكانی بەریتانیا برەویان بە ڕەمزێكدا،



**ستیڤان ڤان ئیڤیرا بۆ گوڵان:**

**نابێت هەرگیز ئاڵا بسوتێنرێت و فڕێدانی ئاڵای كۆنیش لە ئەمریكا ڕێسای خۆی هەیە و خەڵكی وەک بەڵگەنامەیەكی ئاینی مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن**

كە ئەوان زۆر دێرین نەبوون، بەڵام بانگەشەی ئەوەیان كرد مێژوییەكی كۆنیان هەیە، یاخود سكۆتلەندیەكان ئەوانیش هەر وابوون، ئەمە لە سەدەی نۆزدەدا برەوی پێدرا، بەڵام ئەفسانەیەكیان دروست كرد كە مێژووەكەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕایەوە، كە بووە ڕەمزی سكۆتلەندیەكان، كە ڕەمزیان هەیە، كە كەڵتین... كتێبێك هەیە دەربارەی ئەو ڕەمزانەی نەتەوەكان دروستیان كردووە. بەڵام پێموایە دروستكردنی ڕەمزی نەتەوەیی و كەلتوری گرنگە، شتێكی دیكە كە نەتەوەكان لە سەدەی نۆزدەدا كردیان بریتی بوو لە كۆكردنەوەی ئەدەبیانی نەتەوەیی، مۆسیقا و كاریان كرد بۆ ئەوەی لە دوو توێیی كتێبدا كۆیان بكەنەوە، یان لە مۆزەخانەدا، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی نەتەوەكە هاوڕابن لەسەر ئەوەی پێكهاتەی كەلتوری نەتەوەیی چی بوو، ئەمانەش هاوكارن لە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو یەكێتی نەتەوەیی)).

**شەكانەوەی ئاڵا**

**خواستی نەتەوەیەكە بۆ سەربەخۆیی**

بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت هەڵكردنی ئاڵا یان دانانی ڕۆژێك بۆ هەڵكردنی ئاڵای نەتەوەیی، جیا لەوەی پیشاندانی خواستی نەتەوەیەكە بۆ سەربەخۆیی، لە هەمانكاتدا پەیامێكە بۆ كۆتاییهینان بە سەركوتكاریی لەبەر ئەوەی لە وڵاتێكدا سەركوتكاری هەبێت و فرەنەتەوەش بێت، ئەوا ئەو سەركوتكارییە پێش هەمووان ناسنامەی نەتەوەی باڵادەست و سەردەست بێ مانا دەكات، بۆیە هەڵكردنی ئاڵا مانادانەوەیە بە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەی ژێر دەست و نەتەوەی سەردەستیش، هەر بۆ نموونە لەبەر ئەوەی عەرەبی سۆدانی رازی بوون بە سەربەخۆیی باشوری سۆدان، ئیدی چیدیكە عەرەبی سۆدان نەتەوەی باڵادەست و سەردەست نین بەسەر نەتەوەی باشوری سۆدانەوە، ئەمە بۆ سربییەكانی یوگسلافیای پێشووش راستە، لە دوای سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ و بوسنەو هەرزەگۆڤینیا و مونتینیگرۆ، ئیدی سربەكان یان كۆماری سربیا نەتەوەی باڵادەست نییە بەسەر نەتەوەكانی دیكەوە، چۆن سەربەخۆیی مانای بە ناسنامەی نەتەوەی كۆسۆڤیەكان و بوسنیەكان و مونتینیگرۆكان بەخشیوە، بەهەمان شێوە ماناشی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی سربییەكانیش بەخشیەوە، بەوەی چیدیكە ناسنامەی نەتەوەی سربی، ناسنامەی نەتەوەیەكی داگیركەر نییە، بەڵكو ناسنامەی نەتەوەیەكە كە نەتەوەكانی دیكە بە هاوشانی خۆی سەیر دەكات، ئەمە بۆ عێراقیش راستە، بۆیە ئەگەر هەتا ئێستا رژێمەكانی عێراق پێناسەی نەتەوەی عەرەبیان وەك نەتەوەیەكی سەردەستی داگیركار كردبێت، ئەوا ئەگەر كوردستان ببێتە دەوڵەت، عەرەبی عێراق پێناسەیەكی دیكە بۆ ناسنامەی خۆی دەكاتەوە، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان چۆن پێناسەی ناسنامەی گەلی كوردستان دەكاتەوە، بەهەمان شێوە دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی عەرەبی عێراقیش جارێكی دیكە و بەشێوەیەكی سەردەمیانە پێناسەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بكەنەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ئیسحاق نادری لەزانكۆی نیویۆرك كرد، نادری بێجگەلەوەی ئوستادی ئابوورییە لە هەمانكاتدا یەكێكە لە چالاكوانە سیاسیەكانی ئەفغانستان و ساڵی ٢٠٠١ یەكێك بووە لەبەشداربووانی كۆنگرەی بۆن لە ئەڵمانیا بۆ دامەزراندنی حكومەتی كاتی لە ئەفغانستان، بۆیە سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی لەوڵاتی فرەنەتەوەو بایەخی ئاڵا، لە لێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و گوتی: (گرفتی سەرەكی ئەوەیە زۆر لە دەوڵەتان لەچەند نەتەوەیەك پێكهاتوون، لەو جۆرە دەوڵەتانە پێویستە جۆرێك لەناسنامەی هاوبەش هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت كۆمەڵگە ڕێكبخرێت و چۆن كۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببرێت، بەڵام یەكێك لەو تەحدیانەی ڕووبەڕووی هەندێك دەوڵەت دەبێتەوە ئەوەیە، كە ئیرادەی گشتی نەتەوە جیاوازەكان ناتوانێت پێناسەی ئەو ناسنامە هاوبەشە بكات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ڕێككەوتنێكی هاوبەش نەبێت بۆ دیاریكردنی ئامانجەكان و ئامرازەكانی بەدەستهێنانیان، ئەوا ناسنامەی نەتەوەی هاوبەش بوونی نییە و كاریگەری نابێت.. هەربۆیە لەم جۆرە وڵاتانە كاتێك یەكێك لەنەتەوەكان ئاڵای نەتەوەیی خۆی بەرزدەكاتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕەمزێكە بۆ هەموو ئەو خەڵكانەی ئاڵاكەیان بەرزكراوەتەوە بەوەی سەربەخۆییان دەوێت، من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا. هەروەها مەسەلەی



**ئیسحاق نادری بۆ گوڵان:**

**بەدەستهێنانی سەربەخۆیی كارێكی باشە و هەر كەسێک خوازیاری سەربەخۆیی بێت پێویستە ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی**

ئەوەی ئەمە ئاماژەیە بە سەربەخۆیی یان خواستی سەربەخۆیی مایەی تێگەیشتنە. ئەوەی بەلای كەمەوە دەمەوێت بیخەمە سەر قسەكانی دیكەم ئەوەیە كە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی كارێكی باشە و هەر كەسێك خوازیاری سەربەخۆیی بێت پێویستە ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێمە لە سەردەمێكداین دنیا بەرەو بەجیهانی بوون دەڕوات، كە دەبێت لەگەڵ دراوسێكانت و لەگەڵ جیهاندا كاربكەیت و دەبێت هەموو كەسێك ئەم كارە بكات، ئێستا سەردەمی ئەوەیە پشت بە یەكتر ببەستیت، واتە هەر كاتێك خواستی سەربەخۆییت بەدەستهێنا، واتە جۆرێك لە سەربەخۆییت بەدەستهێنا، ئەوا مەسەلە سەرەكیەكە ئەوەیە پێكەوە كار لەگەڵ ئەوانی دیكەدا بكەیت و باری ژیانی خەڵكەكە باشتر بكەیت و بەشداربیت لە خۆشگوزەرانی خەڵكانی دیكەی دەوروبەرت)).

# دیالکتیکی جوگرافیا و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی

**«دەوڵەت ویستێکی خواییە»**

**هیگڵ**

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین سەربەخۆییان وەرگرت و دەوڵەتیان دروست کرد، تەنها کوردو چەند ژمارەیەکی کەم لە گەلان شانسی دامەزراندنی دەوڵەتیان بۆ نەڕەخسا. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە نێوان ساڵانی (١٩١٩ تاکو ١٩٣٩) تەنیا (٥٤) دەوڵەت ئەندام بوون لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەمڕۆ زیاد لە (٣٠٠٠) نەتەوە هەن لە جیهاندا کەوا بەسەر (٢٠٠) دەوڵەت و (٢٦٤) زماندا دابەش بوون.



**د. شەماڵ قادرمنەوەر**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

مارکس لە (هەژدەی برومیری لوئی بوناپارت) دا دەڵێت:(مرۆڤ بۆخۆی مێژووی خۆی دروست دەکات، بەڵام لەم کارەدا دەسەڵاتێکی بێ سنووری نییە، ئەم مێژووە لە بارودۆخی گوڵبژێرکراوی خۆی دروست ناکات بەڵکو لەوەی لەژێر دەستیدا هەیە دروستی دەکات) واتە مرۆڤەکان هەرچەند ناتوانن ڕەوتی گۆڕان یان ئامانجی کۆمەڵگا بگۆڕن، بەڵام دەتوانن پرۆسێسی ئەو گۆڕانە بە وریاییەکی ژیرانە بە دەستکەوتەکانی مێژوو خێرایی پێ ببەخشێت.

بە پێی یاسای دیالەکتیکی (یەکە لێکدژەکان و ململانێی نێوانیان) هەموو شتێك و هەموو دیاردەیەك دوولایەنی دژبەیەکی لەخۆ گرتووە، ئەگەر ئەمە بەسەر باسەکەی ئێمەدا پراکتیزە بکەین، دەبینین پرۆسەی ئاوێتە بوون و یەکگرتنەوە لە ئەورووپا دەستی پێکردووە، لە کاتێکدا لە شوێنەکانی تری جیهاندا تاکو ئێستاکەش پرۆسەی لێکترازان و جیابوونەوە بەردەوامە، بۆ پاڵپشتی قسەکانیشمان ئەوەتا دەبینین ساڵانە لەسەر نەخشەی سیاسی جیهاندا دەوڵەتی نوێ پەیدا دەبێت، دوای ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت (١٥) دەوڵەتی سەربەخۆ پەیدابوون، هەروەها لەئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش (چیکۆسلۆڤاکیا) بوونە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ (چیك)و (سلەڤاکیا)، دواتر ئەریتریا لە سۆماڵ جیابۆوەو بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دواتریش تەیموری ڕۆژهەڵات پەیدابوو و باشووری سودانیش لە دەوڵەتی سودان جیابۆوەو...تاد. بەم شێوەیە پرۆسەی جیابوونەوەو پەیدابوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بەردەوامە، بە پێی یاساکانی دیالەکتیك ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت تاکو دەگاتە خاڵی لۆژیکی خۆی.

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تیۆر و ستراتیژیەتی (هەرچەندە پانتایی وڵات-دەوڵەت زیاتر بێ و دانیشتووانی زۆرتر بێ، هێندەش دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازی ئەو وڵاتە زیاتر پەرەدەستێنێ)، پەیڕەو دەکرا، دەوڵەتە بەهێزەکان لەسەر ئەو بنەمایە لە هەوڵی فراوانکردنی خاك و خەڵکەکانیاندا بوون، بە مەبەستی زیادکردن و بەهێزکردنی باری ئابووریان..

ئەوەی شایانی سەرنجە تیۆرو ستراتیژیەتی (پانتایی وڵات.) لە داهێنانی (فریدریك راتزلی-١٨٤٤-١٩٠٤) ئەڵمانییە، کە لە کتێبی (جوگرافیای سیاسی-١٨٧٩) خستویەتیە ڕوو.

بەهەر حاڵ ئەگەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە، خەباتی چەکداری میللەتان بۆ دەستهێنانی سەربەخۆیی و گەیشتن بە مافەکانیان ئەولەویەتی هەبوو ئەوا ئەمڕۆکەوە لەم سەردەمەدا ئەو شێوە خەباتە نەك هەر بێ ئاییندەو بێ ئەنجامە، تەنانەت ناتوانێت هیچ پشتگیریەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش بەدەستبهێنێت..؟

چەمکی دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەر لە ساڵانی (١٩٥٠-١٩٦٠) وە لەلایەن وڵاتە کۆلۆنیالەکانەوە(میترۆپۆڵ) پێشبینکراو بوو، هەر بۆیە لەو ساڵانەدا بەریتانیای گەورە سەربەخۆیی بەخشی بە زیاتر لە (٥٠٠) ملیۆن خەڵکانی میللەتانی کۆلۆنیەکانی خۆی، ئەوکاتە بەریتانیەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەرهەڵستی کردن لە داواو داخوازیەکانی میللەتانی ژێر دەستەیان ئیتر هیچ سوودو مانایەکی نییە، پرۆسەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی زوو یان درەنگ

دەبێت ڕوو بدات، ئەوەی جێگەی سەرنجە وڵاتە کۆڵۆنیالەکانــی تریش بە هەمان شــێوە چاویان لە بەریتانیا کردو گەیشــتنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت چی زووترە ســەربەخۆیی ببەخشنە وڵاتە کۆڵۆنیەکانیان.

ئــەوەی ئاشــکرایە دەوڵــەت چەمکێکی تا ڕادەیەك هاودژەو ژمارەیەك تیۆر هەن دەربارەی دەوڵەت هەریەکەیان بە شــێوەی جیاجیا باس لە بنچینەو سروشتی دەوڵەت دەکەن:

یەکــەم- ڕاڤــە کردنــی مارکــس و مارکســیەکان(هەرچەندە مارکس و ئەنگلس لە هیچ یەك لە نوســراوەکانیاندا وەك بونیاتێکی دامەزراویانــە تیۆرێکی تەواوکراویان ســەبارەت بە دەوڵەت نەنووســیوە)،بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا چەمکی بنەڕەتی و جەوهــەری بۆ دەوڵەت لە لایەن مارکســەوە وەك پێوەندییەکانی چینایەتی تەماشــاکراوە، زۆرێك لە نوسینە مارکسیەکان ڕووەو حەقیقەتێــك ئاڕاســتەکراون کە ئەوپەڕی کۆتایی مێژوو و ملمڵانێی چینایەتی، شیوعیەتە، شــیوعیەت لە کۆتاییدا وەهــا دەردەکەوێت کە دۆخێکی بێ دەوڵەتییە.

دووەم- بــە بۆچوونــی ئەوانی تــر دەوڵەت پەیمانێکــی کۆمەڵایەتییە، مەبەســت لەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت لە ڕێکەوتنێکی ئارەزوومەندانە سەری هەڵداوە.

هەرچەندە جیاوازی لە هەردوو بۆچوونەکانی پێشتردا دەبینرێت، بەڵام هەردوو لەسەر یەك خاڵ هاوڕان، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت گرێبەندێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لایەنی یەکەم مەبەستیان لە گرێبەندە لە نێوان دەستەی چینی دەسەڵاتداردا، هەرچی لایەنی دووەمە مەبەستیان لە گرێبەندە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

بە درێژایی چەند ســەدەیەك لە سەر بنەمای مۆدیلی (دەوڵەت-نەتەوە) کە بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسییە، مامەڵەی سیاسی لەتەك میللەتاندا کراوە. بــە دەربڕینێکی دیکە پرینســیپی یەك پارچەیی خــاك واتە پارێــزگاری لە پیرۆزی دەوڵەت و داگیرنەکردن و نەبەزاندنی سنوورەکەی وەك پاراســتنی ســەروەری دەوڵەت و ســنوورە جوگرافی و سیاسیەکەی پەیڕەو دەکرا.

بە پێی ئامارەکانــی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ژمارەی ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەت نین و ناســەربەخۆن بریتیین لە (٢٧٠) ملیۆن کەس کە لــە چوارچێوەی یان خاکــی (٧٠) وڵاتدا دەژین، ئەم ئامارە خۆی لەخۆیدا ئاماژەدانە بۆ کێشەی نەژادی و نەتەوەیی زیاد لە یەك لەسەر ســێی وڵاتانی جیهاندا.چونکە ژمارەی وڵاتە ڕەســمیەکان بە (٢٠٠) وڵات مەزندە دەکرێت. کەواتە ڕێســاو یاســاو بڕیارە نێودەوڵەتییەکان پێویستیان بە چاوو پێداخشانەوە یان هەڵوەشاندنەوە هەیە، بە تایبەتی ئــەو ڕێککەوتننامانەی کە پێوەندی بە چارەنووسی (٢٧٠) ملیۆن خەڵکی بێ دەوڵەتەوە هەیە، بە شێوەیەکی دیکە دەکرێت بپرســین چی گرنگترە (خاك) یان (خەڵك)؟؟، (ماف) یان (پرینسیپ)؟؟. بە باوەڕی من هیچ جیاوازییەك لە نێوان ماف و پرینسیپدا نییە.

دەتوانیــن باس لە جیابوونەوەی چەندان وڵات بکەین وەك :

- جیابوونەوەی نامیبیا لە ئەفریقای باشوور.
- جیابوونەوەی کۆماری چیك و سلۆڤاکیا.
- جیابوونــەوەی تیمــوری ڕۆژهــەڵات لە ئیندۆنیسیا.
- جیابوونەوەی باشووری سودان لە سودان.

لە لایەکی ترەوە هەندێ بەڵگەنامەو ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی بوونەتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم ســەربەخۆیی وڵاتە بێ دەوڵەتــەکان بۆ نموونە ڕێککەتننامەی ئۆکتۆبەری ســاڵی (١٩٧٠) دەڵێت (دەبێــت یەکپارچەیی خاکــی دەوڵەتان بپارێزرێــت و نابێــت پارچە پارچــە بکرێت بە مەرجێك ئەو دەوڵەتانە هەموو مافەکانی نەژادو نەتەوەکانی تــر بپارێزێت کە لــە چوارچێوەی وڵاتەکەیدا دەژین)، دیارە بەڵای ڕۆژئاواییەکانەوە جۆرجیا مافی ئۆســیتینەکان و ئابخازیەکانی پاراســتووە بۆیە دەبێت یەکپارچەیی خاکەکەی بپارێزرێت..

لێرەوە دەتوانین بپرســین ئایــا بۆچی کاتێك کــورد داوای مافــە نەتەوایەتیەکانی خۆی لە چوارچێوەی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردســتاندا دەکات یەکسەر تۆمەت و مەترسی جیابوونەوەمان لێدەکەن(ئەوەتا لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا زۆربــەی مافەکانمان لــە چوارچێوەی عێراقدا پارێــزراوە، بەڵام تاکو ئێســتاکەش فاشــیزمە عەرەبەکان پاپەندی جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە نیــن کە خۆیان دەنگیان بــۆ داوە و دەڵێن کورد داوای جیابوونــەوە دەکات و دەیانەوێــت عێراق پارچە پارچە بکەن) باشە ئەگەر ئەو وڵاتانەی کە خــاك و خەڵکی کوردســتانیان بەســەردا دابەشکراوە، پارێزگاری لە مافەکانمان نەکەن و سەروەت و سامانمان دزە پێ بکەن و...تاد. ئەی ئێمــەش مافی خۆمان نییــە داوای جیابوونەوە بکەین؟

**بنەماڵەکانی کوردستان، وەک (شێخ مەحموودی نەمر و قازی محەممەدی پێشەوا تاد) هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان داوەو تەنانەت (دروستیشیان کرد) لە کاتی جەنگە جیهانیەکانی یەکەم و دووەمدا، بەڵام بە داخەوە (لەبەر هەرچ هۆیەک بێت)، ئەو دەوڵەتانە خۆیان ڕانەگرت**

مامۆســتا جەمــال نەبــەز لــە یەکێك لە ســمینارەکانیدا لە ژێــر ناونیشــانی (دۆزی ناسیۆنالی کورد) لە ساڵی (١٩٨٥) لە ستۆکهۆڵم وتویەتی (دەوڵەت هەر هێندە پیرۆزە تا وەك خۆی ماوەتەوە، پاش ئــەوەی بوو بە دەوڵەتێکی دی، یان پارچە پارچە کراو چەند دەوڵەتێکی دی لێ جیابووەوە، ئەوا پیرۆزی خۆی لە دەســت دەدات و دەیــدات بەو دەوڵەتە یان ئەو دەوڵەتانەی جێی دەگرنەوە)

ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم سەرۆکی پێشووی ڕوسیاو سەرۆك وەزیرانی ئێســتا(دیمیتری میدڤێدیــف) لە ســاڵیادی ڕووداوەکانی (١١) ســپتەمبەری (٢٠٠١) لە کۆبوونەوەیەکــی فراوانــدا لەگــەڵ کۆمێتەی ڕاوێژکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕووسیادا کە لە ڕۆشنبیرو زاناو ئەکادیمە ڕووسەکان پێکهاتووە بە توانجەوە هــەردوو بەڵگەنامەی ئۆکتۆبەری (١٩٧٠) و هیلسنکی (١٩٧٥) هێنایەوە یادی ڕۆژئاواییەکان.

### پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی

سەرۆك بارزانی لە وتاری نەورۆزی (٢٧١٢) ســاڵی کوردیدا، وتی (لــەم ڕۆژەدا زۆر کەس داوایان دەکــرد، پێوەندییان دەکرد کە لەم ڕۆژەدا مژدەیەکی خۆش و گــەورە بە هەموو خەڵکی کوردســتان ڕابگەیەنیــن، من دڵنیاتــان دەکەم انشاالله ئەو ڕۆژە هەردێت کە ئەم مژدەیەتان پێ ڕابگەیەندرێت، بەڵام دەبێت لە کاتێکی گونجاو دابێت، بەڵام دڵنیابن ئەو مژدەیە هەر دێت...)

ئەوەی بایەخی ســەرنجە وتارەکەی سەرۆکی کوردستان تەکانێکی گەورەی دا بە پرسی مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی، کە بووە هۆی مشتومڕی بەرە جیاوازەکان، بەشێك لە ڕۆشنبیرە ئیلیەتەکانی کوردیش چ لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان لەســەر ئەم پرسە چەندان وتاری چڕوپــڕو درێژیان نووســی، بە کورتی و بە کــوردی ئەگەر کرۆکی وتار و نووســینە درێژەکانیان کورت بکەینەوە دەتوانین لە دێڕێکدا جێگــەی بکەینەوە (بــۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هیچ بارودۆخێك لە بار نییە)

بە دەربڕینێکی دیکە هەمووان کۆکن لەسەر ئەو ڕاستییەی کە چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کۆتایی پێدێت، بەڵام بە مەرج، جگە لەو بەڕێزانەش یەکێك لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کورد، هەر لە نەورۆزدا وتی (.. کوردستانی سەربەخۆ شتێ نییە بە قسە دابمەزرێ، بەڵکو تەلارێکە پێویستە پایەکانی لە سەر زەمین بچەسپێن...) بە کورتیەکەی باسی شەرت و پێشمەرجەکانی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەکات. جگە لە هەندێ لەو ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارانەی پێشمەرجیان هەیە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، یەکێك لە بیرمەندە کوردەکان کە هەمیشە باسی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە کردوە لە

**پرۆسەی ئاوێتە بوون و یەکگرتنەوە لە ئەوروپا دەستی پێکردووە، لە کاتێکدا لە شوێنەکانی تری جیهاندا تاکو ئێستاکەش پرۆسەی لێکترازان و جیابوونەوە بەردەوامە**

دواترین سەمیناری خۆیدا لە بەرلین، بە هەمان شێوە شەرت و مەرجی خۆی هەیە و دەڵێت (.. کورت و کرمانجی لە کاتی ئێستادا، هەرچەندە دەرفەتێکی دەرەکیی باش هەیە، بەڵام لە نێوخۆدا ژێرخانێکی ئابووریی و ڕۆشنبیری و جڤاکیی و لەشکریی و ڕەوانیی،کە ڕێخۆشکەر بێ بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ، بە جۆرێ کە بتوانێت خۆی بژێنێ و، خۆی بەرامبەر هەڵمەتی دەرەوە ڕابگرێ و لە ئەنجامدا کارکردێکی وای هەبێ کە، لە سنوورێکی نێونەتەوەییدا بە ڕەسمیی بناسرێ، هێژ چێنەبووە).

زۆر سەرم سوڕدەمێنێ کە بەرە جیاوازەکانی پێشتر باسمان لێکرد لەم کاتەدا یان لەم قۆناغە مێژوویەدا دەوڵەتی کوردییان بە مەرج و مەرجکاری دەوێت یان ڕاستتر دەوڵەتێکی کوردییان ناوێت لە سایەی دەسەڵاتی بنەماڵەییدا پێکبهێنرێت؟؟؟ بەڵام بە داخەوە هەر هەموویان هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تریان بۆ گەلی کوردستان پێ نییە؟؟ تەنها و تەنها دژایەتی دەستپێشخەریەکانی سەرۆکی هەرێم دەکەن و هیچی تر؟ یان وەك ئاماژەی پێدەکەن ئەوان لەگەڵ ئەوەدا نیین کە بنەماڵەی بارزانی بە پاڵپشتی پارتی دیموکراتی کوردستان جاڕی دەوڵەتی کوردی بدەن؟

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبینین کە زۆربەی وڵاتان بە بنەماڵەیی دامەزراون وەك: بەریتانیا، دانیمارك، ئەڵمانیا، وڵاتەکانی دوورگەی عەرەبی، ئوردون... تاد. ئەوەی ئاشکرایە هەر یەکە لەو دەوڵەتانە بنەماڵەیەك ڕۆڵیان تێدا بینیوە، ئیتر بۆچی بۆ ئێمە تابۆ بێت؟ بۆچی ئێمە نەبینە یارمەتیدەرێك بۆ بنەماڵەی بارزانی تاکو دەوڵەتی کوردیمان بۆ دابمەزرێنن. ئەمڕۆکە بخوازین و نەخوازین دەسەڵات لە دەستی مەسعود بارزانی کوڕی مەلامستەفای بارزانیدایەو سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانە کە یەك لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئەم پارتە لە چاوو پارتەکانی تر ئەوەیە کە لە سەر بناغەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەقامگرتوو دامەزراوە، بنەماڵەکانی تری کوردستان، وەك (شێخ مەحموودی نەمر و قازی محەمەدی پێشەوا تاد) هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان داوەو تەنانەت (دروستیشیان کرد) لە کاتی جەنگە جیهانیەکانی یەکەم و دووەمدا، بەڵام بە داخەوە (لەبەر هەرچ هۆیەك بێت)، ئەو دەوڵەتانە خۆیان ڕانەگرت، بەڵام بارزانیەکان هەر لە سەردەمی شێخ عبدولسەلامەوە تاکو ئێستاکەش زنجیرەی خەباتی بنەماڵەییان بەردەوامە، هەر بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەسەر دەستی بنەماڵەی بارزانی زیاتر واقیعیە، جگە لەوەش ئەمڕۆکە ئەمەریکاو ڕۆژئاوا دەزانن یەکپارچەیی خاکی عێراق هیچ سوودێکی ئەوتۆ بە ستراتیژی ئابووری و سەربازییان ناگەیەنێت، بۆیە بە یارمەتی تورکیا و چەند وڵاتێکی ناوچەکە هەموو ئەگەرەکانیان بۆ

**لە رووی سەربازی و ئابووری و ژمارە دانیشتووان و خزمەتگوزاریەوە، پێگەی ئێستاکەی کوردستان لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن بۆ دروست بوونی دەوڵەت بەهێزترە**

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئامادەکردووە،بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا متمانەیان بە سەرۆك بارزانییە یان ڕاشکاوانەتر تەنیا متمانەیان بە بنەماڵەی بارزانییە. جگە لەمانەش ئەو پاساوانەی بە ناوی پێشمەرجەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەیهێننەوە، هیچ بنەمایەکی نییەو دوورن لە واقیعی ئێستای کوردستانەوە تەنها هەڵوێست و جۆری بیرکردنەوەی خۆیانە لە ڕووی سیاسی و مێژووییەوە بایەخێکەی ئەوتۆ یان نییە، ئەو پایەو کۆڵەکەو پێشمەرجانەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی داوای دەکەن، ئەو مەرجانە تەنیا لە کۆمارە نموونەییەکەی ئەفلاتوندا بەدی دەکرێن. بەڵێ پێشوەخت پێویستمان بە دانانی بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەیە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە ئایا ئەو بەردی بناغەیەی ئەوان داوای دەکەن چەند کاتی دەوێت، چاوەڕوانکردنی کاتێکی دیاریکرا و ژینگەیەکی نموونەیی و سەرکردایەتیەکی نا بنەماڵەیی و ژیانێکی دیموکراسی ڕۆژئاوایی و ئازادیەکی ڕەهاو ئابووریەکی پێشکەوتوو و سوپایەکی پڕچەك و بەهێز و...تاد. مەگەر لە خەون و خەیاڵدا بێتە سەر ئەرزی واقیع، مێژووی گەلان و نەتەوەکانی دنیا و پێمان دەڵێن هیچ دەوڵەتێك بە شێوەیەکی نموونەیی و بێ کەموکوڕی دانەمەزراوە، بە بۆچوونی من کێشەی سەرەکی ئەمڕۆی کوردستان و بەربەستی گەورەی بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تەنها فاکتەرە دەرەکیەکانە، چونکە ئەگەر کەمێك چاوومان بکەینەوەو بابەتیانە سەیری لایەنە بەهێزەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کە کوردستان کۆمەڵێك لایەنی بەهێزی هەیە کە کەم وڵات لە کاتی سەربەخۆیی وەرگرتن یان دامەزراندیاندا هەیانبووە و تەنانەت بەشێکی زۆریان تا ئێستاش پێی نەگەیشتوون.

لە ڕووی سەربازی و ئابووری و ژمارە دانیشتووان و خزمەتگوزاریەوە، پێگەی ئێستاکەی کوردستان لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن بەهێزترە وەك نموونە دەتوانیین ئاماژە بە زۆربەی زۆری وڵاتە ئەفەریقاییەکان و هەندێ وڵاتی عەرەبی و ئاسیایی بدەین، هیچ کام لەو وڵاتانە لە کاتی دامەزراندنیانەوە تەنانەت تاکو ئێستاکەش وەك کوردستان سووپایەکی دە هەزار کەسیان نییە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر لە (٨٠٠٠٠) چەکدار دەخەملێنرێت، جگە لە ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ، هێزەکانی پێشمەرگە پێنج هێندەی کوێت و تونس و مۆڵداڤیا و باشووری سودان و تاد. دەبێت؟ ئێستاکە دەپرسم ئایا ئەم هێزە بەس نییە بۆ دامەزراندن و پاراستنی دەوڵەتە تازەکەی کوردستان. بە بەراورد لەگەڵ



**لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکەو جیهانیش زەمینەیەکی لە بارو هەلێکی مێژوویی دەگمەن بۆ دامەزراندن و لەسەرپێ مانەوەی دەوڵەتی کوردی ڕەخساوە، خۆ خەریک کردن بە ڕەخساندنی پێشمەرجەکانی باسی دەکرێت لەم بارودۆخەدا هەڵەیەکی مێژووییەو لە دەستدانی ئەم هەلە ڕەنگە لە داهاتوودا دووبارە نەبێتەوە.**

زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەمرۆکە ســەربەخۆن کوردستان وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندترە بە تایبەتی لە بواری سامانە سروشتیەکان، سەرچاوەی ئاوی شیرین، زەوی کشتوکاڵی، بە پێی سەرچاوەکان لە ساڵی ٢٠١٥ دا کوردستان دەتوانێت ڕۆژانە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت و پێشبینیش دەکرێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان ببێتە یەکێك لە زلهێــزە نەوتیەکانی جیهان، ئایا ئەمە مانەوەو گەشەکردنی کوردستان مسۆگەر ناکات. بێگومان لێــرەدا دەتوانین چەنــدان خاڵی تری بەهێزی کە کوردســـتان هەیەتی زۆربەی وڵاتان لە کاتی دامەزراندنیانەوە تاکو ئێســـتاکەش لێی بێ بەشــن، جارێکی تر دەپرسمەوە ئایا بۆچی هەندێ لە نوخبە ڕۆشنبیرەکان و سیاسەتمەداران لە بری ئەوەی دەستخۆشــی و پشــتگیری لە سەرۆك بارزانی بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، مەرج دادەنێن و ســەدان پاســاوی بێ بنەمــا دەهێننـــەوە، ئەوەی کە ماوەتـــەوە بیڵێم ئەوەیە لەم هەلومەرجەی ئێســـتای کوردستان و عێــراق و ناوچەکەو جیهانیــش زەمینەیەکی لە بارو هەلێکــی مێژوویی دەگمەن بۆ دامەزراندن و لەسەرپێ مانەوەی دەوڵەتی کوردی ڕەخساوە، خۆ خەریك کردن بە ڕەخساندنی پێشمەرجەکانی باسی دەکەن لەم بارودۆخەدا هەڵەیەکی مێژووییە و لە دەســتدانی ئەم هەلــە ڕەنگە لە داهاتوودا دووبارە نەبێتەوە.

# تاچەند عیراق پێویستی بە ژیانی دیموکراسی و دەزگای دەستووری هەیە؟



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویێتی

عیراق هەر لەسەردەمی پاشایەتییەوە ژیانی سیاسیی تێدا بەرجەستەبووە کە بەپێی هەر سێ دەسەڵاتی دەوڵەتی مەدەنی (دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێکردن و دادوەری) بەڕێوە دەچوو، بە پشت بەستن بە یەکەم دەستووری دەوڵەتی عیراق کە دەستووری ١٩٢٥ بوو،کە لەناوەڕۆکەکەیدا دەستوورێکی دیموکراتی بوو،بەڵام عیراق بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی بە کردەنی ژیانی دیموکراسی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەویش لە بەر چەند هۆیەك: لەوانە،پابەند نەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە دەستوورەوە لە ڕووی دەرکردنی یاساکانەوە،بەڵکو زۆر جار ناوەڕۆکی دەستوورەکە بە یاساگەلێکی نادیموکراتی دەشێوێنران،کە سەرپێچی تەواوی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بوون.هەروەها کۆنترۆڵکردنی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە و ڕێگە نەدان بە دەسەڵاتی چوارەم کە ڕۆژنامەگەرییە،جا یان بەو یاساو مەرسومانەی دەریدەکردن یان بەو حوکمە دادوەریانەی دەربارەی کێشەسیاسییەکان بڕیاری لێدەدان.ئەمەش مانای وابوو کە دەسەڵاتی یاسادانان ئەرکی خۆی لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەجێ نەدەهێنا بەڵکو بە پێچەوانەوە بوو،لە هەمان کاتدا جوداکارییەکی زۆری پەیڕەو دەکرد لەسیاسەت و هەڵوێستەکانی لەهەمبەر نەتەوەکان،بەتایبەتیش هەڵوێستی شۆڤینی بەرامبەر دۆزی کورد و ئەو شەڕانەی دژی کورد هەڵیگیرساندن،کە داوای مافی ڕەوای خۆیان دژی پەراوێزکردنی ڕۆڵی کورد لە ناو کۆمەڵگەی عیراقیدا دەکرد.. هۆکارێکی دیکەش بریتی بوو لەخراپ دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی کە لە ئابووریی عیراقدا وەدەست دەهات لەگەڵ لاوازیی پەرەپێدانی ئابووری و فراوانبوونی ئاستی بێکاری و هەژارییەکی بێ سنوور بە تایبەتیش لە گوندەکاندا.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە بریتیە لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئاغاو دەرەبەگ و گەورە دەوڵەمەند و بازرگان و بەرهەمهێن لەسەر حیسابی جووتیارانی کەمدەرامەت.لەگەڵ ئەوەشدا ئازادیی ڕادەربڕین و ڕێکخستن و خۆپیشاندان و مانگرتن قەدەغەکرابوو،وێرای دژایەتی کردنی ئاشکرای هێزە دیموکراتییەکانی بەرهەڵستکار وەدەستگیکردنی ژمارەیەکی زۆریان و شەهیدبوونی چەندین لە ئەندامانی دیموکراتیخواز لەسەردەستی دامودەزگاکانی ئەمنی پاشایەتی.ئەو واقیعە نادیموکراتییە لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە ڕەنگی دایەوە و بواری نەدا بە سەرهەڵدانی کلتوورێکی دیموکراتی پێویست لە کۆمەڵگە کە ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری حزب و تاکەکان بێت،ئەم واقیعەش بە تەواوی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی یەکەم کۆماری عیراق لە ساڵی ١٩٥٨،بۆیە کۆمەڵگە نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئازادییە گشتییەکان و دیموکراتییە کۆتبەندەکاندا بکات،کە دوابەدوای ڕاپەڕینە سەربازییەکە سەری هەڵداو هەوڵیش لە ئارادابوو بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕاپەڕینەکە لە میللیەوە بۆ شۆڕشێك کە گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بکات،بۆیە شۆڕشەکە دووچاری شکست هات و تاکرەوی لە حوکم سەری هەڵداو لە میانی یەکەمین کۆماردا هیچ دامودەزگایەکی دەستوری و تەنانەت دەستووری هەمیشەیی نەهاتنەئاراوە،تەنیا دەستووری کاتی نەبێت کە بەتەنیا بەس نەبوو بۆ حوکمی وڵات،بۆیە هێزە ڕاستڕەوو شۆڤینیەکان کە لە شۆڕشی تەمموز زەرەرمەند بوون خۆیان بۆ کودەتایەکی سەربازیی خوێناوی دژی پرەنسیبەکانی شۆڕش و گەل ئامادەکرد،ئەمەش لەو کودەتایەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هاتەدی. دوابەدوای ڕووخانی یەکەمین کۆمار، دووەم کۆماری بەعسی شۆفینی نەتەوەپەرستی و دوژمنکارانە لەرووی میتۆدەوە دامەزرا،ئەو کۆمارە بە توندوتیژی و پیادەکردنی شێوازە فاشییەکان لە کۆنترۆلکردنی دەسەڵات و دژایەتی کردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان ناسرابوو،لە هەمان ساڵدا واتا لە ١٩٦٣ دا سێیەم کۆمار کە هەمان شێوازو میتۆدی حوکمی هەبوو دامەزرا کە بەهیچ شێوەیەك ئەنجومەنی نوێنەران و دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆو دەستپاك و ژیانی دیموکراتی بەخۆیەوە نەدی،بەڵکو بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی شۆڤینی و بەرەوڕووبوونەوەی خەباتی دیموکراتیانەی گەلی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی،بەڵام ئەوەندەی نەخایاند کۆماری چوارەم لەلایەن بەعسییەکانەوە دامەزرا،کە ٣٥ ساڵ بەردەوام بوو،ئەمەیان

سیاسەتی تۆقاندنی میللەت و راونانی خەباتگێڕان و دەربەدەرکردن و تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافیانەی ناوچەکانی کوردستانی عیراقی گرتەبەر،وێڕای چەندین شەڕوشۆڕی دەرەکی کە بێجگە لە ماڵوێرانی بۆ گەلی عیراق هیچی دیکەی بەدواوە نەبوو،دیارترین رێکاری دڕندانەش ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستیانەی حزبی بەعسی عیراقی بوو بەسەرۆکایەتیی سەدام حوسێن و دەست و پێوەندو تاقمە تاوانبارەکەی کە لە شەڕی جینۆسایدی دژ بەمرۆڤایەتیدا رەنگی دایەوە کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و تا ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ درێژەی کێشا و لە ئەنجامدا زیاتر لە ١٨٠ هەزار مرۆڤی کورد بوونە قوربانی،وێڕای سەدان کەس لە نەتەوەکانی دیکە بە تایبەتیش کلدان و ئاشوورییەکان،هەروەها سیاسەتی ئاوارەکردنی عەرەبی شیعە و کوردی فەیلی بە پاساوی پاشکۆیەتیی بۆ ئیران،هەمان سیاسەتیش بە کۆمەڵکوژیی کوردیی فەیلی بە ناردنی هەزاران لەو فەیلیانە بۆ بەرەکانی شەڕ

**بەر لە رووخانی رژێمی بەعسیش زۆران کەس چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد ژیانێکی دیموکراتیی ئازاد لە عیراقدا بێتەدی،بەڵام لەراستیدا وا دەرنەچوو،بەڵکو لە عیراقدا رژێمێکی سیاسیی نا دیموکراتی هاتەئاراوە**

تاکو لەوێ بکوژرێن، هەروەها راگواستنی هەموو ئەوانی دیکە و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان.

لەو کاتەدا میللەت لەبەردەم حوکمی رژێمێکی سیاسیی رەگەزپەرستدابوو، کە ئەوانەی لەسایەی ئەو رژێمەدا کوژران زیاتر لە یەك ملیۆن مرۆڤی عیراقی بوو،بێجگە لە سەدان هەزار بریندارو کەمئەندام و زیانی دارایی کە لە سەدان ملیار دۆلار زیاتربوو،ئەمە وێڕای زیانی ژیاری و شارستانی لە وێرانبوونی پرۆژەکانی پیشەسازی و ژێرخانی ئابووریی وڵات،رژێمی پاشایەتی کە ژیانی دەستووریی پاك و دیموکراتیی دروستی بنیادنەنا، رۆڵی لەو دەرئەنجامانەی دوای رووخانی رژێم هاتنەئاراوە،بەر لە رووخانی رژێمی بەعسیش زۆران کەس چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد ژیانێکی دیموکراتیی ئازاد لە عیراقدا بێتەدی،بەڵام لەراستیدا وا دەرنەچوو،بەڵکو لە عیراقدا رژێمێکی سیاسیی نا دیموکراتی هاتەئاراوە،لەگەڵ ئەوەی کە هەڵبژاردن لە عیراق ئەنجام دراو دەستوور دادگا و دەسەڵاتی یاسادانان هەن بەڵام هیچیان بەپێی پرەنسیبەکانی دیموکراتی و ژیانی مەدەنی کارناکەن،چونکە ئەم هەموو دەسەڵاتانە بە گوێرەی پشکی سیاسی و لەسەر بنەمای فکری و تایفی کاردەکەن،بۆیە ئەم رژێمە تەنیا مەگەر بە پێی ئەم بنەمایانە کاروباری وڵات بەرێوە ببات:

* جیاکاری لەسەر بنەمای ئایینی،واتا لە نێوان موسڵمانان و شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە لە بەرژەوەندیی موسڵمانان،هەرچەندە لە راستیدا لە بەرژەوەندیی بژاردەی حوکمڕاندایە لە سەرکردەو کادیرانی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان.

* جیاکاری لەسەر بنەمای ئایینزای تایفی، واتا جیاکاری لەبەرژەوەندیی شوێنکەوتووانی ئایینزای شیعە لەسەر حسابی شوێنکەوتووانی ئایینزای سوننە.

* جیاکاری لەسەر بنەمای ناوچەگەری، واتا بۆ بەرژەوەندیی دانیشتوانی هەندێ ناوچەی عیراق لەسەر حسابی هەندێ ناوچەی دیکە.

* جیاکاری لەسەر بنەمای بەحزبی بوون،بە تایبەتیش لە نێوان حزبە ئیسلامییە سیاسییەکاندا ودژی حزبە مەدەنی و عەلمانییەکان،ئەمەش بە ئاشکرا لە وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەتدا دەردەکەوێت.

* جیاکاری دژی ئافرەتان کە لە زۆربەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە رەنگی داوەتەوە،ئەویش سیاسەتی فەرمیی نوری مالکی سەرۆکی حزبی دەعوەی ئیسلامی،هەرچەندە یاسایەك هەیە کە دەبێت چارەکی وەزیرەکان ئافرەت بن،بەڵام تەنیا یەك ئافرەت لە ئەنجومەنی وەزیراندا بەدی دەکرێت.وێڕای دەستێوەردانی راستەوخۆ لە کاروباری دادوەریدا وگۆڕینی ئاراستەی دەزگاو دامەزراوەکانی وڵات بەرەو دەوڵەتێکی سەربازی پۆلیسی کە هەڕەشە لە ژیان و ئازادییەکان دەکات.

ئێمە لەبەردەم مەترسیی تازەداین،کە بریتییە لە حزبە ئیسلامییەکان بە گشتی کە هەرگیز لەرووی پرەنسیبەوە قایل نین بە بوونی فیدرالییەت یان مافە نەتەوەییەکان،بەڵام لە سەردەمی حوکمی بەعسدا بە هۆی خەباتی نەپساوەو بەردەوامی گەلی کورد حکومەتیان ناچارکرد دان بە ئۆتۆنۆمیدا بنێت بۆ کورد،لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆنیشدا ئەو حزبانە پشتیوانیان لە مافی گەلی کورد کرد لە راگەیاندنی فیدرالیەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا کە لەکاتی حوکمی بەعسدا لە ساڵی ١٩٩١-ەوە تا رووخانی رژێم لە کوردستاندا راگەیاندرابوو، بەڵام هەندێ لەو حزبانە،بەتایبەتیش حزبی دەعوەی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی نوری مالکی،لەماوەی حەوتی ساڵی رابردوودا دژی دابینکردنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەی ١٤٠ی دستووری عیراقی وەستانەوە،کە تەئکید لەسەر جێبەجێکردنی سێ هەنگاو دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، مەبەست گەڕاندنەوەی باودۆخەکەیە بۆ ماوەی بەر لە راگواستن و گۆڕینی دیموگرافی لەو ناوچانە و دواتر ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتوان،ئینجا ریفراندۆمێك بۆزانینی هەڵوێست لە رووی جوگرافیی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە،ئەم هەڵوێستە نادیموکراتی و پێشێلکردنی ناوەڕۆکی دەستوور ئەو ناوچانەی بەرەو گرژی پەلکێش کرد،تەنانەت لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا،بەشێوەیەك کە کار گەیشتە ئەوەی نوری مالکی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە دامەزرێنێت،دواتر بەرەو ناوچەکوردستانییەکان لە دەرەوەی هەرێم بهێنێت،لە وەڵامی ئەمەدا سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی تازە جووڵە پێکرد.

بیرکردنەوە وچارەسەری سەربازیی هەرگیز کێشەکان چارەسەرناکات، بەڵکو ئاڵۆزتریان دەکات وێڕای ئەو زیانە گەورانەی لە گەلی عیراق دەکەوێت،بە داخەوە سەرۆك وەزیرانی عیراق

**بیرکردنەوە و چارەسەری سەربازی هەرگیز کێشەکان چارەسەرناکات بەڵکو ئاڵۆزتریان دەکات وێڕای ئەو زیانە گەورانەی لە گەلی عیراق دەکەوێت**


پەند لە ئەزموونەکانی رابردووی وەرناگرێت و هیچیان لێ فێرنابێت و لەگەڵی شەیتان نایەتە خوارەوەو دیەوێت تا هەڵبژاردنی داهاتوو بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیە بهێڵێتەوە. هەروەها چووە ناو هاوپەیمانییەکی ناشەریفانە لەگەڵ هێزە بەعسی و شۆڤینی کە پێشتر شەڕی گەلی کوردیان کردووە و بوونە هۆی لەناوبردنی دەیان هەزار هاووڵاتی بێتاوان. بۆیە وا پێویست دەکات کە هێزە دیموکراتخوازەکانی گەلی عیراق وریا بن و ئاگایان لەو پیلانانە بێت و بەهەموو توانایەکییانەوە نەهێڵن کارەساتی دڵتەزێن رووبدات و کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکەن بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەم قەیرانەی عیراق. نوری مالکی هەستی بەوەکردووە کە مەرجی مانەوەی لە دەسەڵات تەنیا مانەوەی وڵاتە لە بارگرژی و ئاژاوەو نارەحەتی بە تایبەتیش نێوان هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان، هەروەها لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی لە بەغدا، کە ئەمەش نابێت سەربگرێت.

# سنوورەکانی دوای شەڕی سارد
# ناتوانن سەروەریی دەوڵەتێک بپارێزن دژی گەلەکەی




لەدوای کۆتایی هاتنی شـــەڕی ســـاردەوە کێشە نەتەوەیی و ئیتنییەکانی نێو دەوڵەتانی فرەنەتەوە و فرەئایین، کێشەی ناوخۆیی ناو سنورە تەقلیدییەکانی دەوڵەت نین، بەڵکو کێشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارە لەناو سنورە داخراوەکانـــدا تۆتالیتـــار و دیکتاتـــۆرەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی وڵاتی خۆیان دەکەن، هەربۆیە ئەگەر ئەو قســـەیە لەبەر چاو بگرین کە دەڵێت بە رووخانی کۆماری کوردســـتان لەساڵی ١٩٤٦ شەڕی سارد لەکوردستانەوە دەستی پێکرد و کورد بووە یەکەم قوربانی ســـنورە داخراوەکانی سەردەمانی شـــەڕی ســـارد، ئەوا دیسان بەشی دووەمی ئەم قســـەیەش راستە کە شەڕی سارد و شکاندنی سنورە داخراوەکانی سەروەریی تەقلیدی دەوڵەت بە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش و بە دابینکردنی نەوای ئارام، دیسان لەکوردستانەوە کۆتایـــی پێهات، بەڵام پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی ســـنورە داخراوەکان و سەروەریی تەقلیدی سەردەمانی شەڕی ســـاردی دەوڵەت، ئایا هێشتا دەوڵەتانێك هەن بەو جۆرە هاوکێشەکە بخوێننەوە کە دەتوانن هەڕەشـــە و گوڕەشە و نمایشی سەربازی دژی گەلەکەی خۆیـــان پیادە بکەن؟ ئایا ئەگەر بەو میتۆدە سیاسەت بکەن و بیانەوێت گەلەکەی خۆیان سەکوتبکەنەوە، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ دەبێت و شەرعیەتی ئەو دەوڵەتە ناکەوێتە ژێر پرســـیارەوە؟ لەمـــەش گرنگتـــر ئایا کاتێك دەوڵەتێك گوێ بەپرانســـیپە تازەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی نادات، تاچەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێگە لەدووبـــارە بوونەوەی ئەو حاڵەتانە دەگرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەگەڵ ئەوەی لای چاودێران بیروبۆچوونـــی جیاواز لەخۆی دەگرێت و هەندێك پێیانوایـــە زۆرجـــار بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و

# خۆی بێت



ڕۆژئاوا بڕیار لەسەر توندی و نەرمی هەڵوێستەکە دەدات، بەڵام بەدیوێکی دیکەدا هەموو چاودێران و پسپۆرانی زانستی سیاسەت و دیپلۆماتکاران لەسەر ئەو ڕایە یەکدەگن، هەتا ئەگەر گرتنەبەری هەڵوێستەکانیش جیاواز بێت، ئەوا تێڕوانینی نێودەوڵەتی بۆ ئەو دەوڵەتەی ڕێگەی توندوتیژی دەگرێتە بەر، دەبێتە تێڕوانینێك کە بەگومانەوە لەشەرعیەتی ئەو دەوڵەتە دەڕوانن و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دەوڵەتە بەرەو دەوڵەتی یاخیبوو لە یاسادەرچوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاو هەڵدەگرێت. سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر جاکۆب شاپیرۆ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و زانستی سیاسەت لە زانکۆی پرینستۆن لە لێدوانێکی تایبەتدا لەسەر ئەم پرسە بە گوڵانی ڕاگەیاند، زۆر جار دەوڵەتان بەشێوەیەکی گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی هەڵوێستی جیاواز دەگرنە بەر و لەڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە هەڵوێست وەردەگرن و لەمبارەوە وتی: ((بە شێوەیەکی گشتی ئەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکار بێت، بەڵام ئەمە دەوەستێتەسەر سروشتی وڵاتەکە، پێم وایە ئەمریکا و هەموو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەڵوێستی جیاواز دەگرنەبەر، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندیەی هەیانە، ئەگەر بەرژەوەندی گرنگیان هەبوو، ئەوا شێوازێکی جیاواز دەگرنەبەر. بێگومان پێناسەی دەوڵەتی شکستخوارد ڕوونە، دەوڵەتێك کە ناتوانێت ئەرکە ئیداریەکانی خۆی ئەدا بکات، نەتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات، بەدەوڵەتێکی شکستخواردوو لەقەڵەم دەدرێت)).

ئەوەی پرۆفیسۆر شاپیرۆ ئاماژەیەکی کورتی پێکرد، ئاماژەیە بۆ ئەو ئیشکالیەتە گەورەیەی هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی کە هەتا ئێستاش بە شێوازی سەردەمانی شەڕی سارد لەناو دەوڵەتەکانیان ڕەفتار دەکەن، بەڵام وێڕای ئەو بەحەزەر سەیرکردنەی پرۆفیسۆر شاپیرۆ هەندێك لە پسپۆرانی دیکە بەجۆرێکی دیکە سەیری مەسەلەکە دەکەن و ئەوان وای دەبینین لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستە نێودەوڵەتیەکان وەك پێویست نین، بەڵام سەروەریی دەوڵەت مانای سەردەمی شەڕی ساردی نەماوە، لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ستیوارت پاتریك گەورە توێژەری ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە کرد سەبارەت بەوەی ئایا تاچەند سەروەریی تەقلیدی دەوڵەت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ستیوارت پاتریك جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە کۆمەڵێك کۆت و بەند بۆ سەروەریی دەوڵەت دانراوە، لەنێوشیاندا ئەوەیە کە نابێت دەوڵەت گەلەکەی خۆی سەرکوت بکات، لەمبارەوە وتی: (بەڕای من ئەمڕۆ مەسەلەی سەروەریی دەوڵەت لە سەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و دەسەڵاتی دەوڵەت سنوردارکراوە، بۆ ئەمەش ئاماژەی سیاسەتی تازەی نێودەوڵەتی بەوجۆرەیە کە دەبێت دەوڵەتان پابەندبن بە کۆمەڵێك پرانسیپی تازەی نێودەوڵەتیەوە، لە نێویشیاندا بێگومان ناشێت دەوڵەت گەلەکەی خۆی سەرکوت بکات، هەر بۆنموونە ئەو حاڵەتەی کە لە کەیسەکەی لیبیا ڕوویدا، هەروەها ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە هەڕەشەی تیرۆریان لەسەرە بەشێوەیەك کە سەروەریی دەوڵەت لەلایەن وڵاتانی دیکەوە دەستێوەردانی تێدا دەکرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەروەریی دەوڵەت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، خۆ ئەگەر لەوڵاتێکدا شەڕی ناوخۆ هەبوو بارەکە پەیوەست بوو بەشەڕی ناوخۆوە، ئەوا بارودۆخەکە دەگۆڕێت بەپێی شێوازی شەڕە ناوخۆییەکە، هەر بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەت بە پێچەوانەی ستاندەری یاسا نێودەوڵەتیەکان بە بیانووی جۆراوجۆر ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجامبدات و هەڕەشە لە هاووڵاتیانی خۆی بکات، ئەوا لەو حاڵەتە شەرعیەتی ئەو حکومەتە دەکەوێتە ژێر گومانەوە و بەرەو دەوڵەتی فاشیل هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام دیسان سەبارەت بە دەوڵەتی فاشیلیش کۆمەڵێك ئیشکالیەت هەیە، هەندێك دەوڵەت هەن کە پۆلین دەکرێن بە دەوڵەتی فاشیل ئەوە لەسەر بنەمای لاوازیی دامەزراوەکانی ئەو دەوڵەتە و بێ توانایی ئەو دەوڵەتەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، من ئەم کارەم بە هاوبەشی لەگەڵ خاتوو سۆزان رایس باڵیۆزی ئەمریکا لەنەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدا، بەڵام بەڕای من دەوڵەت لەو حاڵەتەدا دەبێت بە دەوڵەتێکی فاشیل کاتێك کە حکومەتی ناوەندی شەرعییەتی سیاسیی ناوخۆیی نەمابێت، هەندێك جار دەوڵەت یەکپارچەیی خۆی دەپارێزێت بە ڕێگەچارەی سەرکوتکار، ڕێگەچارەی سەربازی، بەڵام بەگشتی نەمانی شەرعییەتی سیاسی نیشانەیەکە لەسەرئەوەی کە دەوڵەت لەهەنگاونانە بەرەو بوونی بە دەوڵەتێکی فاشیل، بۆیە لەو جۆرە حاڵەتانەدا، کاتێك کە دەوڵەت ڕەتیدەکاتەوە دیالۆگ بگرێتەبەر و ڕازی نەبێت بەشێوازێکی ئاشتییانە دانوستان بکات، ئەوە ئەوکات بێگومان هەست و وردی کەمینەکان دەوروژێت و لەئاکامیشدا چەك لەدژی حکومەت هەڵدەگرن و ئەو شتەیش لەکۆتاییدا هەڕەشەیە لەسەر دەوڵەت کە ببێت بە دەوڵەتێکی فاشیل. بەڵام کێشەیەك لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێوەری دیکە دادەنێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە دەوڵەتانە، بۆنموونە ئەوەی ئەمڕۆ لە کەیسی سوریا دەبینین نموونەیەکی بەرچاوە و ئەو بارودۆخەیە کە تیایدا وادەخوازێت بانگەشە بکەین بۆ دەستێوەردانی مرۆیی هاوشێوە لەگەڵ کەیسەکەی لیبیا، بەڵام لە کەیسەکەی سوریا-دا دەبینین ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەتایبەتی ئەندامە دیارەکان و بەتایبەتیش ڕوسیا و چین زۆر دوودڵن لە دەستێوەردان و هۆکاری ئەوەیش لەلایەنێکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو وڵاتانەیش کەمینە و گرووپی جیاواز لە وڵاتەکانیاندا هەیە و نایانەوێ پێوەرێکی نێودەوڵەتی نوێ بێتەکایەوە لەبارەی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆییەکانی وڵاتان، چونکە لەوە دەترسن دوایی ئەو پرەنسیپانە ئەوانیش بگرێتەوە و لەسەر ئەوانیش پیادەبکرێتەوە، ئاشکرایە پرەنسیپی دەستێوەرنەدان پرەنسیپێکی زۆر بەهێزە لەنێو بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەروەها ئەوەیش یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام وێڕای ئەوەش ئەگەر بەدیوێکی گشبینی سەیری ئاراستەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بکەین، ئەوا ئەو ئاراستەیە ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕوویەکی

پراکتیکییەوە، لە زۆربەی کەیسەکاندا ئەولەوییەتی بەوە داوە کە حکومڕانیی باش و دیموکراسییەت بەبێ گرتنەبەری ڕێگەچارەی سەربازی بێتەدی، لەبەرئەوەی یەکێك لە کێشەکانی دەستێوەردانی سەربازی ئەوەیە کە زۆر ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی لێ دەکەوێتەوە و هەندێك جار دەبێتەهۆی ئەوەی کارئەکتەری زۆر رادیکال بگەنە دەسەڵات بەشێوەیەك کە هەڵگری پرەنسیپی دیموکراسی نەبن، هاوکات دەستێوەردانی سەربازی تێچوونێکی زۆر زۆری دەوێ، هەروەها بونیادنانی دامەزراوەی دیموکراسی لەڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکی کارێکی ئەستەمە، هەربۆیە پێویستە ڕێگەچارەی دیکە بگیرێتەبەر بۆ حکومەتەکان بۆئەوەی کاربکەن و خۆڕسکانە و لەناو خۆیاندا کاربکەن بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەی دیموکراسی نەك سەپاندنی لەلایەن هێزێکی دەرەکی، کۆریای باکوور کە رەتیکردەوە

زانکۆی سانتیاگۆ لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەدوای شەڕی سارد شەرعیەتی دەوڵەت بەندە بە ئاستی دیموکراتیەوە و دەوڵەتێك کە نەتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و لەو وڵاتەدا شەڕی ناوخۆ هەبێت مانای ئەوەیە ئەو دەوڵەتە شەرعیەتی نێودەوڵەتی لەدەستداوە و لەمبارەوە وتی: (لە ڕاستیدا شەرعیەت تەنیا سەرچاوەیەکی نییە، یەکێك لە تەحەددیەکانی ڕۆژگاری دوای شەڕی سارد بریتییە لە پێناسەکردنێکی وردی شەرعیەت لە پەیوەندیدا بە دیموکراسیەوە. گومانی تێدانییە بوونی شەڕی ناوخۆ بە مانای ئەوە دێت کە حکومەت شەرعیەتی لە نێو بەشێکی گەورەی دانیشتوانەکەیدا لە دەستداوە. ڕواڵەتێکی ڕوون لە ئارادانییە کە شەرعیەتی حکومەت ڕووبەڕووی تەحەددا بۆتەوە کاتێك توندوتیژی بەکار دەهێنرێت

لێیان نەڕوانرێت، جگە لە حکومڕانیکردن لە ڕێی زەبر و زەنگەوە و جگە لە دامەزراندنی ڕژێمێك لەسەر زەمینەیەکی سەربازی- هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن-چارەیەکی دیکەیان نییە، بەڵام ئایا ئەمە سەردەکێشێت بۆ دەوڵەتێکی شکستخوارد، مەرج نییە، چونکە هەندێ حکومەت هەبووە کە ماوەیەکی دوورودرێژ حکومڕانیان کردووە لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە دژی خەڵکەکەی، سەددام حوسێن نمونەیەکی ڕوونە لەم ڕووەوە، ڕەنگە ڕژێمێکی شەرعی نەبێت و لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێنەکرێت، ئەوا حکومەت ئەتوانێت درێژە بە حکومڕانییەکەی بدات، بەڵام لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە دژی خەڵکەکەی، ئەمە حاڵەتێکە ئێمە کاری بۆ ناکەین، بەڵام مەرج نییە سەربکێشێت بۆ دەوڵەتێکی شکستخواردو. هەربۆیە ڕەنگە باشتر بێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە



**جاکۆب شاپیرۆ بۆ گوڵان:**

**دەوڵەتێک کە ناتوانێت ئەرکە ئیدارییەکانی خۆی ئەدا بکات، نەتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات، بەدەوڵەتێکی شکستخواردوو لەقەڵەم دەدرێت**



**ستیوارت پاتریک بۆ گوڵان:**

**ئەگەر دەوڵەت ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجامبدات و هەڕەشە لە هاووڵاتیانی خۆی بکات، شەرعیەتی ئەو حکومەتە دەکەوێتە ژێر گومانەوە**



**دیڤید لاک بۆ گوڵان:**

**گومانی تێدانییە بوونی شەڕی ناوخۆ بە مانای ئەوە دێت کە حکومەت شەرعیەتی لە نێو بەشێکی گەورەی دانیشتووانەکەیدا لە دەستداوە**

بە هێز دیموکراسییەت بچەسپێت نموونەیەکە لەسەر ئەوەی کە سەپاندنی دیموکراسییەت بە زەبری چەك شتێکی زۆر مەترسیدارە و باجێکی قورسی لێ دەکەوێتەوە.)).

**شەرعیەتی دەوڵەت و پەیوەندی بەدیموکراسیەوە**

لەدوای نەمانی جووت جەمسەری شەرعیەتی دەوڵەت هێندەی بەندە بەشێوازی حکومڕانی هێندە بەند نییە بەوی ئەو دەوڵەتە تاچەند دەتوانێت بەزەبری هێز خۆی بهێڵێتەوە، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ زۆر هەوڵیدا کە بەزەبری هێز و ژینۆساید یوگسلافیا بەیەکگرتوویی پێکەوە بهێڵێتەوە، بەڵام سەرەنجام نەك هەر یوگسلافیا بە یەکگرتوویی نەمایەوە، بەڵکو خۆشی وەك تاوانباری جەنگ لە لاهایی دادگایی کرا، سەبارەت بە شەرعیەتی دەوڵەت و پەیوەندی بەشێوازی حکومڕانییەوە، پرۆفیسۆر دیڤید لاك ئوستادی زانستی سیاسەت لە

بە ئامانجی جیابوونەوە یاخود ڕووخاندنی ئەو حکومەتەی لە ئارادایە. کەواتە هەر کاتێك شەڕی ناوخۆ لە ئارادابوو، ئەوا شەرعیەتی حکومەت دەکەوێتە ژێر گومانەوە. پرسیاری دواتر ئەوەیە ئایا حکومەت ئەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی شەرعیەت بەدەست بهێنێتەوە لەو هەل و مەرجانەدا، تەنانەت سەرکەوتن لە شەڕە ناوخۆییەکەشدا گومان دەخاتە سەر شەرعیەتەکەی، چونکە ئەمە بە مانای سەرکەوتنی حکومەتە لە سەپاندنی ئیرادەی خۆیدا بەسەر خەڵکدا، نەك بە مانای ئەوەی خەڵك وەك حکومەتێکی شەرعی لێی بڕوانن. هەربۆیە ئەو حکومەتەی نوێنەرایەتی نوخبەیەکی کەمینە دەکات، تەنیا ئەتوانێت لە ڕێی زۆرەملێ و ناچارکردنەوە حکومڕانی بکات، واتە ئەگەر ئەو حکومەتانە سیاسەتێك پیادە نەکەن کە لە بەرژەوەندی خەڵکدا بێت، یاخود لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانیان لێنەکرێت و وەك حکومەتێکی شەرعی

پێش ئەوەی دەوڵەتەکە بە ڕاستی شکست بهێنێت هەوڵبدات هاوکار بێت لە باشترکردنی بارودۆخی ئەم وڵاتە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر دایڤید لاك سەبارەت بە دەوڵەت و شەرعیەتی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێکرد، پێویستە بەشێوەی پراکتیکی هەڵوێستی لەبارەوە بگیرێتە بەر پێش ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەی نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، سەبارەت بەم لایەنە و بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەی پەنادەبرێت بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان بەرێگەی سەربازی، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مارك سیمۆن ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی باولین گرین ستەیت کرد و سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (بەڕای من ئەو دەوڵەتانەی کە نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتەکانیان سەرکوت دەکەن هەمیشە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن لەبەرئەوەی هێزەکەیان لە توندوتیژییە، ئەوان شەرعییەتیان نییە هەربۆیەش

توندوتیژی دەگرنەبەر، بەڕای من ڕێگەچارەیەك بۆ کەمینەکان بۆئەوەی بتوانن شکست بەو ڕژێمانە بێنن بریتییە لە گرتنەبەری تەکتیکی ناتوندوتیژ، بۆنموونە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لەگەڵ دەیان شۆڕشی دیکەی ناتوندوتیژ هەر لەساڵی ١٩٨٩وە لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات تا شۆڕشەکانی دیکە لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیێتی جاران، لەبەرئەوەی شەرعییەتی حکومەت پەیوەستە بە هەردووك لە پشتگیریی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەربۆیە ناتوندوتیژی باشترین ڕێگەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، تەکتیکی ناتوندوتیژ ئازایەتییەکی زۆری دەوێ و لەئەنجامەکەیدا خەڵکێکی کەمتر دەکوژرێ و لەکۆتاییشدا سەرکەوتوو دەبێت. هەروەها من لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕام و پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چانسێکی ئاستنزمی لەپێشە لەڕووی



**مارك سیمۆن بۆ گوڵان:**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چانسێکی ئاستنزمی لەپێشە لەڕووی ڕێگەگرتن لە بەفاشیلبوونی دەوڵەتەکان بەتایبەتی کاتێک کە ئەو وڵاتانە شەڕی ناوخۆییان تێدا هەبێت**


ڕێگەگرتن لە بەفاشیلبوونی دەوڵەتەکان بەتایبەتی کاتێك کە ئەو وڵاتانە شەڕی ناوخۆییان تێدا هەبێت، بەڕای من باشترین ڕێگە لەمڕووەوە بریتییە لە، یەکەم: دابین نەکردنی چەك بۆ ئەو وڵاتانەی کە هاووڵاتیانی خۆیان دەچەوسێننەوە، دووەم: هەروەها چەکیش نەدرێتە ئەو لایەنانەی پەنایان بۆ شەڕ بردووە، لەبەرئەوەی زۆرجار هۆکاری فەشەلبوونی دەوڵەت بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لە وڵاتانی پاش جەنگ و وڵاتانی پاش شەڕی ناوخۆییدا توانا و ژێرخانەکانی حکومەت ڕووخاوە و، کە شەڕی ناوخۆش هەڵگیرسا حکومەتێکی کارا پێك ناهێندرێت، هەربۆیە من لێرەدا دووبارە جەختدەکەمە سەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی ناتوندوتیژ، پێویستە ئابڵۆقە لەسەر چەك دابنرێت و بانگەشە بکرێت بۆ گرتنەبەری بژاوی ناتوندوتیژ و چارەسەری کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و وتووێژ)).

# چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی دیالۆگ و وتووێژ

بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق کە هەموو چاودێران و پسپۆڕان ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە هۆکاری تەنگژەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوەکانی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیران، ئەوا هەر کاتێك ناوەند دەستبەرداری هەڕەشە و ئۆپەراسیۆنی سەربازی بووبێت، لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان ئامادەباشی دەربڕیووە بۆ ئەوەی کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، هەروەك چۆن ماوەیەك بەر لە ئێستا و پاش هاتنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانیدا کە شاندە سەربازییەکان بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە کۆببنەوە، ئەمجارەش لەسەر داوای سەرۆك کۆمار وا جارێکی دیکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی بۆ کۆبوونەوەی شاندە سەربازییەکان و هێوربوونەوەی بارودۆخەکە دەربڕیووە، سەبارەت بەم لایەنە حەسەن جیهاد ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی سەبارەت بەم هەنگاوە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە سەر داوای سەرۆك کۆمار هەڵمەتی ڕاگەیاندن ڕاگیراوە و هەرێمی کوردستانیش دەخوازێت وتووێژەکان بەجۆرێك دەست پێبکەنەوە کە جارێکی دیکە تەنگژەی لەو جۆرە سەرهەڵنەداتەوە و لەمبارەوە وتی: (یەکەم ئەو بەیاننامەیەی کە لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەرچوو بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە دژی یەکتری، ئەمە تا ڕاددەیەك لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە بارودۆخەکەی هێور کردووەتەوە، دووەم بۆ ئەوەی کە گفتوگۆکان دەست پێبکاتەوە، لە بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێ ئێمە لەگەڵ هێورکردنەوەین، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ گفتوگۆیەکی ورد و دوورودرێژین کە مەسەلەکە ئەمانە دەخوازێ بەتایبەتی لەلایەنی هونەرییەوە کە پێویستی بە گفتوگۆی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بارودۆخێك بخوڵقێنرێ کە جارێکی تر کارێکی وەك ئەوەی ئەم جارە هاتە ئاراوە نەیەتە ئاراوە و زەمینەیەك ساز بکرێ بۆ ئەمە، بەڵام خەڵك زۆر گەشبین نییە کە بڵێ یەکسەر بارودۆخەکە چاك بکرێتەوە، دەکرێ بە هێواشی گفتوگۆیەکی جددی بکرێت بۆ ئەوەی شتەکان بچەسپێنرێن. هەروەها لەبەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە کە ئێمە هیچ کاتێك لەگەڵ ئەوە نەبووین بارودۆخە ئاڵۆزتر بکرێت، بەڵام ڕاکێشراوین بۆ ناو ئەم بارودۆخە نەویستراوە و بەگوێرەی توانا بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە کردووە، بەڵام ناتوانی بڵێی لایەنی دووەمیش بەم شێوەیە پابەند دەبێت، بۆیە با ئێمە زیاتر لەگەڵ هێور کردنەوە بین، بەڵام ئەگەر نەکرا ئەمە مەسەلەیەکی ترە)).


بەهەرحاڵ ئەگەر کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، ڕێگەی دوور نزیك دەبێتەوە و عێراقیش لە کارەسات دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەوەی بۆتە خاڵی بەهێزی هەرێمی کوردستان لەم پرسەدا ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانی یەکڕیزی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بپارێزێت، سەبارەت بەم لایەنە بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کردو وتی: (سەبارەت بە سیاسەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و بەتێکڕای ئەو کۆبوونەوانەی کە ئێمە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداربووینە، بەتەئکید هیچ کاتێك هەرێمی کوردستان لەگەڵ توند و گرژی و هێرشی ڕاگەیاندن نەبووە، بەڵکو لەگەڵ چارەسەری کێشەکان بووە بە دیالۆگ و دانیشتن، بەڵام ئەوەی کە کراوە بەداخەوە لە بەغداوە بووە و لەبەغداوە گێچەڵ بە هەرێمی کوردستان کراوە و هەر لە بەغداوە تۆمەتی ناڕەوا بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبەستراوە، هاوکات ئەوان هێزو لەشکرکێشیان دەست پێکردووە، بە هیچ شێوەیەك هەرێمی کوردستان لەم بابەت و کار و کێشانە بەشدارو دەستپێشخەری نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان پابەند بە دەستوور بووە و هەموو کات دەستووری بۆ هەموو کێشەو چارەسەرەکان هێناوەتەوە پێش و لە کێشەکاندا ڕێزی لە دەستوور گرتووە، لەگەڵ ئەوەش کە بەغدا لە کێشەکاندا دەست پێشخەربووینە، بەڵام ئێمە بۆ ڕێزلێگرتن لەو داوایەی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق ئەوە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی ڕاگەیاندنی خۆی ڕاگرتووە و ئێمە پێمان کارێکی باشە بە مەرجێك ئەوانیش پابەندبن و پاشەکشە بکەن لەو سیاسەتە ناڕەوایەی کە بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەستیان پێکردووە)).

سەبارەت بەوەشی کە لە بەیاننامەکەی



**حەسەن جیهاد بۆ گوڵان:**

**پێویستە زەمینەیەک ساز بکرێ بۆ گفتوگۆیەکی وردو دوورو درێژ تاوەکو ئەو بارودۆخە نەویستراوە جارێکی دیکە روونەداتەوە**



**بەڵێن عەبدوڵڵا بۆ گوڵان:**

**هیچ کاتێک هەرێمی کوردستان لەگەڵ گرژی و هێرشی راگەیاندن نەبووە، بە پێچەوانەوە لە بەغداوە تۆمەتی ناڕەواو لەشکرکێشیان دەست پێکردووە**



**سالم تۆما بۆ گوڵان:**

**بەشداری پێکردنی لایەنە سیاسیەکان واتە بەشداریکردنە لە بەرپرسیاریەتی ئەو بڕیارەی دەیدەن**



**مەحما خەلیل بۆ گوڵان:**


**هێزی دیجلە نە دەستوورییە نە یاساییە بۆ ئەوەی بەسەر پێکهاتەی کوردی بسە پێنرێت**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هاتووە بەوەی ئاکامی وتووێژەکان دەبێت لەلایەن پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە پەسەند بکرێت، سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (بە تەئکید لە کۆبوونەوەی رابردووش وا بڕیار دراوە کە هەر بڕیارێك وەربگیرێت دوا بڕیار دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئیتر بە هیچ شێوەیەك ئێمە رازی نابین کە کێشەکان بە نیوەچڵی و نا تەواوی و بەپینەوپەڕۆ چارەسەر بکرێت، بەڵکو دەبێت کێشەکان بە تەواوی و یەکجارەکی یەکلا بکرێتەوە و ئومید دەکەین کە بەغدا پابەندبێت و وەڵامی ئەو پرسە دەستووریانە بداتەوە کە دەبێت پێش هەموو خەڵك حکومەتی عێراق پابەندی بێت و بۆیە ئەو مەسەلەیە کە باس دەکرێت بە تەئکید هەر شتێکی تازە بێتە پێش ئەوە لایەنە کوردستانییەکان دواجار لە تەك جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی هەرێم بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن.))

هەر سەبارەت بەڕای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر ئەم پرسە بەڕێز سالم تۆما ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی رافدەین، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، هەر رێککەوتنێك لەگەل بەغدا بکرێت گرنگە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بکرێت و ناکرێت رێککەوتن بکرێت و جێبەجێ نەکرێت، بۆ ئەمەش بەمجۆرە پێشنیاری خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (هەر رێککەوتنێك بکرێت پێویستە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بکرێت من پێشنیار دەکەم، یەکەم هەوڵی زۆر چڕو جددی بۆ بەدواداچوونی پاکێجەکان بدرێت، دووەم هیوادارم رێککەوتنەکان زوو جێبەجێ بکرێت و سوپاسی هەوڵی بەڕێز سەرۆك کۆمار و لایەنە سیاسییەکان دەکەین و خۆشم بەشێك بووم لەو شاندە سیاسیەی کە پێش جەژن چووینە بەغدا و بارودۆخەکە واهات کە نەمانتوانی بەدواداچوون بکەین، دەنا ئەو کاتەش دەستمان بە گفتوگۆ کرد و ئەو بەستەڵەکەی هەبوو تواوە و بارودۆخێکی وا دروستکرا کە دانووساندن ئەنجام بدرێت و ئێستاکە هیوادارم گشت لایەنەکان پابەندبن بە راگرتنی هێرشی راگەیاندن و دروستکردنی پردی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری نێوان نەتەوەکان و پێکهاتەکانی عێراق چ لەنێوان خوارەوەو ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان چ لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە چ بە گشت لایەنە سیاسییەکانی دیکە و پابەندبن و هەوڵ و تەقەڵای خۆیان بدەن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن، هەروەها بەشداری پێکردنی لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی ئەوانەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەوە بەشداری پێکردنیان لە بڕیاردان واتە بەشداریکردنە لە بەرپرسیاریەتی ئەو بڕیارەی دەیدەن، چونکە لەکاتێکدا لایەنەکان لە بڕیاردان بەشداربوون ئەوە دەبێت بەش و بەرپرسیاریەتی خۆشیان هەبێت و لەئەستۆی بگرن و نابێت لە بەرپرسیاریەتی رابکەن و دەبێت ئەو بڕیارانەی دەدرێت هەوڵی جددی بۆ بدەن کە جێبەجێش بکرێت)).

ئەوەی لایەنی کوردستانی هەڵوەستەی لەسەر دەکات جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنانەیە کە ئیمزا دەکرێت، ئەوەشی کە لە ئێستا لە هەموو مەسەلەیەك گرنگترە ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە بواری مانۆڕ و خۆدزینەوەی بۆ بەرامبەر کەمکردۆتەوە، سەبارەت بەم لایەنە مەحما خەلیل پەرلەمانتاری عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (ئێمە لەگەڵ ئەوەین شەڕی راگەیاندن لە نێوان هەولێر و بەغدا بوەستێت، هەرچەندە هەرێمی کوردستان دەستی بەم شەڕە نەکرد، بەڵکو بەغدا دەستی بەم شەڕە کرد و دەیانویست شکستەکانیان لە بواری خزمەتگوزاری و دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بشارنەوە، ئێمە دەمانەوێ قسەکان بکرێن بەکردار لەسەر ئەرزی واقع نەك بارودۆخەکە بقۆزرێتەوە، یەکێك لە ئامانجەکانمان کشانەوەی هێزی دیجلەیە لەو ناوچانەی بڵاوەیان پێکراوە، چونکە هێزی دیجلە نە دەستوورییە نە یاساییە بۆ ئەوەی بەسەر پێکهاتەی کوردی بسەپێنرێت، هەروەها سەبارەت بەو ناوچانەی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە بەپێی یاسای ٢٠٠٩ لیژنەی هەماهەنگی و راوێژ هەیە و هەرچی هێزی ئەمنی و سەربازی لەم ناوچانە جوڵەیان پێ بکرێت پێویستە بە راوێژ و هەماهەنگی بێت لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بێت. ئێستاش وەك بەڕێز سەرۆك کۆمار رایگەیاند کەشوهەوایەکی ئیجابی لە ئارادایە و لیژنەکانی هەماهەنگی و لیژنە سەربازییەکان بوونیان هەیە، ئێستا چاوەڕێی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوەی هێز و لایەنە کوردستانییەکان دەکەین، و ئایا جەنابی سەرۆکی کوردستان وەك مەرجەع چ بڕیارێك دەدات، چونکە تەنیا گوێ لە قسەکانی مالیکی ناگرین و پێویستمان بە کردارە لەسەر ئەرزی واقع، سیاسەت و ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان چیتر قبوڵی ئەوە ناکەن رووداوی لەم جۆرە دووبارە ببێتەوە، هەرێمی کوردستان پابەندە بە خوڵقاندنی کەشوهەوایەکی ئیجابی بۆ ئەوەی هەنگاو بنرێت بۆ جێبەجێکردنی چەند رێککەوتننامەی گرنگ لە عێراق وەکو دادگای ئیتیحادی و بودجە و یاسای نەوت و گاز، ئەم یاسایانە پێویستە جێبەجێ بکرێن بۆ خەڵکی عێراق نەك بۆموزایەدە کردن)).

# ئیخوان و شەڕی دەستوور لەمیسر



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر ئیخوانەکانی میسر داناتر هەڵســوکەوتیان بکردایەو وردبینانەتر بیریان بکردایەتەوە، نە میسر تووشی ئەو تەنگژەیەی ئێستا دەبوو نە خۆیشیان دوچاری ئەو کێشە دژوارە دەبوون. ئیخوانەکان بەگشتی دوو گرفتی گەورەیان هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کەزوو لەخۆیان بایی دەبن و بەچاوێکی ســووکەوە سەیری چینی سیاســی دەکەن و دووەمیشیان ئەوەیە کەئەزموونێکی سیاسیی لاوازیان هەیە.

ئەوی راســتی بــێ، ئەمە یەکەمجار نییە ئیخوان دەســتکەوتی گەورە بەدەســت دێنن و پاشان لەدەســت خۆیانی دەدەن. بەکردەوە، لەمەوبەر دووجار وایان بەسەر هاتووە. جاری یەکەم لەساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهان بوو، کاتێك لەدژی حزبی وەفدو ڕێکخراوە کرێکاری و سۆسیالیســت و کۆمۆنیســتەکان هاوپەیمانییەکی رانەگەیەنراویان لەگەڵ پاشــا فارووقدا پێکهێناو تەنانەت هەندێ میلیشیاو گرووپی چەکداریشیان دروست کرد. بەڵام لەساڵی ١٩٤٨ بەدواوە گلۆڵەیــان کەوتە لێژی و پێوەندییان لەگەڵ دەســەڵاتدا تێکچوو. پاش تیرۆرکردنی ســەرەك وەزیران نوقراشی پاشا لەساڵی ١٩٤٨، حەسەن بەننای رابەری ئیخوان لەساڵی ١٩٤٩ تیرۆر کرا.

جاری دووەم پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٢و ڕووخانی پاشایەتی بوو، کاتێك مانگی هەنگوینی نێوان ئیخوان و دەســەڵاتی تازە دەستی پێکرد. لەو سەردەمەدا ئیخوان تاکە گرووپی سیاسی بوون کەدەســەڵاتی تازە هەڵی نەوەشاندبۆوە، تەنانەت گومان هەیە خودی جەمال عەبدولناسر لەقۆناغێکی ژیانیدا ئەندامی ئیخوان موسلمین بوو بێت.

بەڵام ئیخوانەکان لەگەڵ ئەنگێزە رادیکاڵییەکانی دەســەڵاتدا نەگونجان و دژی ریفۆرمی زەوی و پاکتاوکردنی چینی ئۆرۆســتۆکراتی سەردەمی پاشــایەتی وەستانەوە. زۆری نەبرد، لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا تووشی پێکدادان هاتن و هەوڵی تیرۆرکردنیان دا.

لەو کاتەوە ناچار کران لەژێر زەمیندا کار بکەن. وەك ســەلمێنراوە، ئەزموونی رێکخســتنی ژێر زەمینی، لەهیچ شــوێنێکی جیهاندا پاشخانێکی سیاسیی دەوڵەمەند پێشکەش بەگرووپە ژێرزەمینییــەکان ناکا. مانــەوەی ئیخوان بۆ ماوەی ٦٠ ســاڵ وەك گرووپێکی ژێرزەمینی، کاریگەریی خراپی لەســەر سایکۆلۆژیاو هەڵسوکەوتیان بەجێ هێشتووەو لەهەمان کاتدا هیچ ئەزموونێکی سیاسیی پتەوی پێ نەبەخشیون.

لەم هەلومەرجەی ئێســتای میســر، ئیخوانەکان هەمان هەڵەکانی دووجاری پێشوو دووبارە دەکەنەوە. بردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەجۆرێك تووشی بوغرایی کردون کە وا تێدەگەن هەموو شتێکیان بەئاسانی بۆ دەچێتە سەر. بەهۆی ئەمەشەوەیە کە لەدوای هەڵبژاردن تووشی هەڵە لەدوای هەڵە دەبن. هۆی ســەرەکیی ئەم هەموو هەڵەیەش پەلەکردن و بیر نەکردنەوەیە لەئاکامی هەنگاوەکانیان.

جەخت کردن لەسەر مەسەلەی زۆرینەو کەمینە مەرج نییە لەقازانجی ئیخواندا بێ. لاوازیی ئەزموونی سیاســیی ئیخوان وای تێگەیاندون کەزۆرینە دەستی ئاوەڵایەو کەمینە ئەوە ناهێنێ بەرێزەوە تەماشــا بکرێ. بەڵام مەسەلەکە بەو چەشنە نییە کەئیخوان لێی تێگەیشتون چونکە سەرۆك مورسی براوەی قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنە نەك یەکەم کەئەمەش بەم مانایە دێ کە کاندیدی ئیخوان نیوەی دەنگی دەنگدەرانی بەدەســت نەهێناوە. لەقۆناغی دووەمیش مورسی رێژەی ٥١،٧٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا کەئەمەش ئەو مانایەی هەیە کەرێژەی ٤٨،٣٪ی دەنگــەکان بۆ رکابەرەکەی رۆییوە. بێگومان ئەم رێژەیەش کەم نییە چونکە جیاوازییە لە٣،٤٪ تێناپەڕێت.

ئیخــوان وا تێدەگەن ئەو ٣،٤٪ زیاترەی بەدەســتیان هێناوە، مافی هەموو شــتێکیان پێ دەبەخشــێت. ئەم بیرکردنەوەیەش لەسیاسەتدا زۆر چەوتەو پەراوێزی ئازادیی رادەربڕین فراوان ناکا. ستیڤن کوك لەگۆڤاری ((فۆرن پۆلسی)) وا گوزارشت لەم مەسەلەیە دەکا کە ((هەڵەی مورسی لەوە دایە کە وا تێدەگات هەمووان ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرۆکایەتییان وەك ئیخوان موسلمینەکان خوێندۆتەوە)).

پێداگرتنی لێبڕاوانەی ئیخوان لەســەر پرۆژەی دەستووری پێشنیارکراو گومان لەناوەرۆکی دەقەکان دروست دەکات، لەکاتێکدا دەتوانرا بەنواندنی برێکی کەمی نەرمی و گوێگرتن لەڕاو بۆچوونی ناڕازییەکان، چارەســەرێك بۆ ململانێکە بدۆزرێتەوە، ئەگەر نەختێك بەدەســتکاری کردنی دەقەکانیش بێت، بەتایبەتی کەخودی پرۆژەی دەستوورەکە دیکۆمێنتێکی تۆکمەو پتەو نییە، زۆرتر ڕەوانبێژی و درێژدادڕی بەسەریدا زاڵەو ناوەڕۆکی زۆربەی دەقەکانی لەناوەڕۆکی دەستووری ١٩٧١ دەچێت.

# ئیسلام
# لایسیتیێ، سێکیولاریسم



دکتۆر عادل باخەوان*
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو گفتوگۆیەی کە ئێستا لە کوردستاندا لەسەر ئیسلام و لایستیتیێ (عەلمانییەت) دەکرێت، هەست بەوە دەکەم کە تا ئاستێکی بەرز، لەنێو تێنەگەیشتنێکی دوو لایەنە لە سروشتی پێوەندی نێوان هەر یەکێك لەو دوو چەمکەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمڕۆ کێ لە کوردستان قسە لەسەر ئیسلام و لایسیتیێ ناکات؟ هەر لە خوێندکارانی ناوەندی و ئامادەییەوە تا قوتابیانی پەیمانگاو زانکۆکان، هەر لە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرەکانەوە تا دەگاتە مەلا و سیاسیەکان، هەر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا دەگاتە دەزگا هەرە کۆنسێرڤاتۆرەکان، کێ ماوە لە کوردستاندا باس لە پێوەندیی نێوان ئیسلام و لایسیتیێ نەکات؟ بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو باس و قسەو گفتوگۆیەشدا هەست بەوە دەکەم کە هیچ ناوترێت، واتە (گەر چەند نووسینێکی هەرە کەمی لێدەربکەین کە بۆنی تێگەیشتنیان لێوەدێت) بێدەنگییەکی کوشندەی زانستی، دەستی هەیە لە چنینی ستراکتۆری هەموو ئەو گفتوگۆیانەدا.

بەشێکی زۆر لەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە لە کوردستان، کاتێك باس لە لایسیتیێ دەکەن لەبیریان دەچێت کە «تایبەتمەندێتییەکی» فەرەنسییەو لە چەندین وڵاتی مۆدێرن و دیمۆکراتی وەك بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا مۆدێلە پێچەوانەکەی کاردەکات و بەریتانی و ئەمەریکیەکان سەریان سوڕدەمێنێت کاتێك باس لە چۆنییەتی کارکردنی ئەم «تایبەتمەندیەتە» فەرەنسییە دەکەن . چی وادەکات کە بەریتانیا و ئەمەریکا تێنەگەن لە لایسیتێی فەرەنسی و وەك مۆدێل وەرینەگرن و کاریپێنەکەن، بەڵام لە کوردستاندا کە هێشتا نە دەوڵەت هەیەو نە کۆمەڵگەش بەمانا زانستیەکەی دروست بووە، کەچی ئامادەین یەکتری لەسەر بکوژین؟

من پێموایە «تێنەگەشتن»ی ئەکتەرەکان ڕەگەزێکی هەرە گرنگی وەڵامی ئەم پرسیارە پێکدەهێنێت. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەهاتووە کە ئێمە، هەرچەند لەچەندین جێگای دیکەدا ئەم کارەمان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی وردترو قووڵتر، لەسەر سێکیولاریزسیۆن وەك پرۆسێسی چوونە دەرەوە لە ئایین و لایسیتیێ وەك پرۆسێسی یاسایی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت بوەستین. چوونە دەرەوە لە ئاین (سێکیولاریزاسیۆن) بریتیە لە:

«گوزەرکردن بۆ نێو جیهانێك کە ئایین بەردەوام تیایدا دەمێنێتەوە، بەڵام تەنیا لە ناوەوەی چوارچێوەیەکی سیاسی و ڕێکخستنێکی کۆلێکتیڤدا کە ئیتر ئەو دەستی نییە لە بیناکردنی نۆرم و بەهاکانیاندا».

ئەم جیهانە نوێیە جیهانی ڕاگەیاندنی کۆتایی و لەناوچوونی ئایین و جەنگ دژی ئایین نییە. بەپێچەوانەوە، لەم جیهانەدا ئایین درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات، بەڵام لەڕێگای چەند کەرەسەو فۆرم و چوارچێوەیەکی دیکەوە کە جاران پەراوێزی دەخستن. ئێمە لە کوردستان باس لە چی دەکەین؟ لە سێکیولاریسم یان لایسیتیێ؟ ئەکتەرە کوردیەکان دەیانەوێت کار لەسەر کام لەم دوو چەمکە بکەن؟ یان ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە دژایەتی دەکەن، دەبێت پێمان بڵێن دژایەتی کام لەم دوو چەمکە دەکەن، لایسیتیێ یان سێکیولاریسم؟ ئەم تێنەگەشتنە هەر ئەوەنییە کە کوردستانی گرتبێتەوە، بەڵکو پانتایی ڕۆشنبیریی فەرەنسیشی گرتوەتەوە، بەڕادەیەك کە ئالان تۆرین دەڵێت:

«من تووشی سەرسامی بووم لەوەی کە کەس لە جیهاندا تێناگات لەو هەموو گفتوگۆیەی کە ئێستا لەسەر لایسیتیێ لە فەرەنسادا دەکرێت. لە دەرەوە، خەڵکانێکی زۆر پێیانوایە کە ئەو یاسایەی لەسەر سەرپۆش دەرچووە، یاسایەکی ڕاسیستە. لەبیرمان نەچێت کە وشەی لایسیستیێ لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بوونی نییەو زۆر ئەستەمە ئەو زمانانە وەریبگێڕن و هەرسی بکەن.»

ئەم سەرسامییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەموویان پێکەوە خاوەنی یەك مۆدێل لە پێوەندی بە ئایینەوە نین، بەڵکو چەندین مۆدێلی پێوەندییان هەیە. لە دەنیمارك و بەریتانیادا دەوڵەت ئایینی ڕەسمی هەیە، بەڵام کۆمەڵگە لە جیهانی چوونە دەرەوە لە ئاییندا دەژی، واتە سیکۆلارە. لەئەمەریکادا تەواو جیاوازە، دەوڵەت هەرچەند لەسەر لایسیتیێ دامەزراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان دەنێت بە ئامادەیی ئایین لە پانتاییە گشتییەکاندا. مەگەر تا ئێستاش، هەموو ڕۆژێك خوێندکارە ئەمەریکیەکان، «Under God» لە قوتابخانەکاندا ناڵێنەوەو پەیمان نویێ ناکەنەوە کە نەتەوەی ئەمەریکی لە ژێر سەرکردایەتی خوادا دەجووڵێتەوەو بە بڕیاری خوا هەڵسوکەوت دەکات؟ مەگەر دادگای باڵای ئەمەریکا شکستی نەهێنا بە هەموو ئەو هەوڵانەی کە ویستیان ئەم نوێژکردنە لە قوتابخانەکاندا لابەرن؟ لە تورکیادا،



که ئێمه له کوردستان هەمیشه وەك نموونه باسی دەکەین، دەوڵەت بەهیچ شێوەیەك دان به ئاییندا نانێت و ئامـاژه به ئایین ناکات و خۆی وەك دەسەڵاتێکی بیناکراو لەسەر لایسیتێ دەخاته سەر شانۆ، بەڵام تائێستاش مەلای مزگەوتەکان فەرمانبەری دەوڵەتن و مووچەی مانگانەیان هەیە. واته دەوڵەتی لایکی تورکی دانی پیاداناون و وەك پیاوانی ئایین مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لەکاتێکدا ئەمه له لایسیتێدا وەك کوفر تەماشا دەکرێت.

له کوردستان ئەکتەرەکان چ مۆدێلێکیان دەوێت؟ مۆدێلی فەرەنسی که له ساڵی ١٩٠٥ دا، که یاسای لایسیتێ دەرچوو، پۆلیسەکانی جمهوریەت ژنه سەرپۆش بەسەره مەسیحیەکانیان له پانتاییه گشتیەکاندا ڕاودەنا، یان مۆدێلی بەریتانی که ڕێگادەدات به ژنێکی سەرپۆش بەسەری موسوڵمانیش ببێت به پۆلیس؟ مۆدێلی ئەمەریکی که نەتەوەی ئەمەریکی وەك نەتەوەیەك لەژێر فەرمانی خوادا پێناسەدەکات یان مۆدێلی تورکی که لەلایەك مەلاکان وەك فەرمانبەر دەناسێت و لەلایەکی دیکەوه هەر جۆره پێوەندیەك به ئاینەوه نەفی دەکات؟ یاخود مۆدێلێکی تایبەت به کوردستان!

بەڵام مۆدێلێکی تایبەت به کوردستان پێش هەمووشتێك پێویستی به تێگەشتن و بەرهەمهێنانی مەعریفه هەیه لەسەر ئەو شتەی که قسەی لێدەکەین. بیناکردنی مۆدێلێکی «کوردی» تایبەت بەشێك نییه له موستەحیل، هەروەك بەشێکیش نییه له «بەڵگەنەویست»، بەڵکو دەکرێت وەربگێڕدرێته سەر پرۆژەیەکی «جددی» بۆ بیرکردنەوه و کارکردن. هەر یەکێك لەوکۆمەڵگانەی که مۆدێلی تایبەت بەخۆیان بیناکردووه، سەرەتا و پێش هەمووشتێك بەو قۆناغەدا تێپەڕیون که له زانسته کۆمەڵایەتیەکاندا ناونراوه«بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی بابەتیانەی بێلایەنانه له سەر ئایین». هەر خەون بینینێك به مۆدێلی تایبەتی کوردییەوه، به بێ ئەم مەعریفەیه هەرگیز له واقیعی ژیانی هەموو ڕۆژێکدا نایەته دی و تەنیا وەك خەونێکی جوان دەمێنێتەوه.

ژێدەرەکان:

1. Olivier ROY, La laïcité face à l'islam, Éditions Stock, 2005, p.29.
2. Marcel GAUCHET, La Religion dans la démocratie, Parcours de la laïcité, Gallimard, 1998.
3. Alain RENAUT et Alain TOURAINE, Un débat sur la laïcité, Éditions Stocks, 2005, p.13.
4. Denis LACORNE, Mais non, cette guerre ne fut pas une croisade, Le Monde 17 avril 2003.
5. Olivier ROY, La laïcité face à l'islam, Éditions Stock, 2005, p.30.

---

* **سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ له پاریس**

د. عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ هاووڵاتیان و دروستکردنی ئاوەڕۆو خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی شارەوانی لەبودجەی ئەمساڵدا پشکی شێریان بەرکەوتووە

## لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم چەندین پرۆژەی پێویست و گرنگ جێبەجێ دەکرێت

**عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دیمانەی گۆڤاری گوڵان دا باس لەدوا وردەکارییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٣ ی هەرێمی کوردستان دەکات کە بڕی ٥ ترلیۆن دیناری عێراقی تەرخانکراوە بۆ پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان و تێیدا شارەوانی و خزمەتگوزارییەکانی پشکی شێریان بەرکەوتووە، هاوکات لەبودجەی ئەمساڵدا دروستکردنی خانوو بۆ خەڵکی کەم دەرامەت لەخۆدەگرێت، وەزیری پلاندانان بەراوردکردنی کارو پرۆژەکانی ئێستاو ساڵانی رابردوو بە پێوەرێکی دادەنێت بۆ دابین کردنی پێداویستی و کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان. هاوکات لەساڵی نوێ چەندین پرۆژە بۆ ناوچە کوردستانییەکان لەدەرەوەی هەرێم جێبەجێ دەکرێت. وەزیری پلاندانان لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەندین پرسی تری پەیوەنداری بە کاری داهاتووی وەزارەتەکەیانی دایەوە؛ کەلێرەدا دەقی وەڵامەکانی بەڕێزیان بڵاودەکەینەوە ..**

## لەبودجەی ئەمساڵدا دروستکردنی خانوو بۆ خەڵکی کەم دەرامەت

***ئێستا وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم سەرقاڵی چ پرۆژەیەکەو ڕەشنووسی روانگەی هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠٢٠ بەکوێ گەیشت؟**

-وەزارەتی پلاندانان کە ژمارەیەك ئەرکی پێسپێردراوە کە گرنگترینیان: ئامادەکردنی بودجەی وەبەرهێنانی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئامادەکردن و هەماهەنگیکردنی پلانەکانی گەشەپێدان لەنێوان کەرتە جیاجیاکاندا و دارشتنی پلانی ستراتیژی - هاوکاری و هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە بیانییەکان کە لە بواری پەرەپێدان کاردەکەن لە عیراق و هەرێمی کوردستان وەك ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی - پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و هەروەها ئەنجامدانی زۆر چالاکی رووپێوی لە بواری جۆراوجۆردا لەرێگای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە سەر بە وەزارەتی پلاندانانە، هەروەها بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و تەندروستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سەر بە وەزارەتی پلاندانان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پشکنین و کۆنترۆڵکردنی ئەو شتومەك و کاڵایانەی دێنە ناو هەرێمی کوردستان. کە ئەم کارانەش بە درێژایی ساڵ بەردەوامە.

ئێستا وەزارەتی پلاندانان بەشێوەیەکی تایبەت سەرقاڵی پرۆژەی بودجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بەر چەند

## بۆ (گوڵان):



# لەخۆدەگرێت

رۆژێك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەندكرا و رەوانەی پەرلەمانی كوردستان كرا بەمەبەستی دیراسەتكردنی و دواتر گفتوگۆكردن لەسەری، هەروەها وەزارەتی پلاندانان رەشنووسی دیدگای هەرێمـی كوردسـتان بـۆ ٢٠٢٠ ئامادەكرد، كە تیایدا دیدگای حكومەتی هەرێم لەسـەر چۆنیەتـی پەرەپێدانـی هەرێـم دەخاتەڕوو. ئـەم دیدگایە چوارچێوەیەكـە بۆ كاركردن كە لەسـایەیدا گشـت وەزارەت و كەرتەكانی تر دەتوانـن ئامانج و سیاسـەتەكانیان بە ووردی دابڕێژن و، بەگشـتی ئامانجی ئەم دیدگایە لەوەیە كە خەڵكی هەرێمەكەمان سـوودمەندبن لە ئازادی، تەندروسـتی، بەرقەراری ئاسایش، خۆشـگوزەرانی و بوونـی دەرفەتـی كار و ئابووری.

*** وەكو كەسێكی شارەزاو پەیوەندار بە داڕشتنی بودجەوە دەكرێت بزانیـن دوا ووردەكارییەكانی بودجەی سـاڵی ٢٠١٣ی هەرێمی كوردستان بەكوێ گەیشـتووە و بودجـەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاكان چۆنە؟**

- وەكو لەسەرەوە باسكرا، ماوەیەك بەر لە ئێستا ئامادەكارییەكانی پڕۆژەی بودجەی وەبەرهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی **٢٠١٣** بەكۆتا گەیشت و رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران كرا بۆ پەسـەندكردنی و لەوێشـەوە نێردرا بۆ پەرلەمانی كوردستان بەمەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆكردن لەسەری. بۆ ئەم ساڵیش نزیكەی بـڕی پێنـج (٥) ترلیۆن دینـاری عیراقی تەرخانكراوە بۆ پڕۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاكان.

*** لەهەڵبژاردنی پرۆژەو ریزبەندی بودجە رەچاوی چی دەکرێت، ئایا ئەمساڵ ئەولەوییەت دراوە بەچی بەتایبەتی کە هەموو ساڵێك پلان دادەنرێت کەچی لە ١٠٪ی پێداویستی وەزارەتەکان دابین دەکرێت ؟**

- هەڵبژاردنی پرۆژە و تەرخانکردنی بودجە بۆ سێکتەرەکان لەسەر بنەمای پێداویستی و ئەولەویەت دەبێت، کەرتی شارەوانی و خزمەتگوزارییەکان زۆرترین پشکی بەرکەوتووە ئەمەش بۆ دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ هاووڵاتیان، و دروستکردنی ئاوەڕۆ، قیرتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکان و خزمەتگوزارییەکانی تر. دواتر کەرتەکانی ئاوەدانکردنەوە و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ یەك لەدوای یەك دێن. هەروەها بودجەی ئەمساڵ دروستکردنی خانوو بۆ خەڵکی کەمدەرامەتیش لەخۆدەگرێت. جگە لەمەش، بنەمای تر رەچاوکراون لە تەرخانکردنی بودجەی هەر سێکتەر و وەزارەتێك کە بریتین لە توانای

**هەڵبژاردنی پرۆژە و تەرخانکردنی بودجە بۆ سێکتەرەکان لەسەر بنەمای پێداویستی و ئەولەویەت دەبێت**

وەزارەتەکان لە خەرجکردنی بودجەی ساڵی پێشوو، ژمارەی پرۆژەکان و هەروەها رێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان.

*** ئایا ئەو بودجەیە دەتوانێت کۆی پرۆژانە تەمویل بکات کە خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان داخوازی دەکەن ؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام کاری کردووە و کاردەکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و چارەسەرکردنی هەموو کەموکورییەکان، بەڵام ئەوەی راستییە پێداویستییەکان زۆر گەورەترن کە بتوانرێت لە ماوەیەکی کورتدا و بەو برە پارەیە پڕبکرێنەوە. ژمارەی دانیشتوانی کوردستان زیادی کردووە و پێویستی پرۆژە سەرەکیەکانی ژێرخانیش وەکو ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، رێگاوبان، نەخۆشخانە، قوتابخانە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان روو لە زیادبوون دەکات. بۆیە چاوەڕوان ناکرێت لەم ساڵدا هەموو پێداویستی و کەموکوڕیەکان چارەسەر بکات، بەڵام وەکو باسمان کرد بەردەوام لە بەرەوپێشچوون داین کە ئەمەش بۆ هەموولایەك ئاشکرایە بەتایبەتی ئەگەر بەراورد بکرێت لە نێوان ئێستا و ساڵانی رابردوو.

*** چۆن هاوسەنگی لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لەدابەشکردنی پرۆژەکان دەکرێت؟**

- وەك باسمان کرد پێداویستی ناوچەکان لەبەرچاو دەگیرێت هەروەها رێژەی دانیشتوانی ناوچەکان فاکتەرێکی سەرەکییە لە ئەنجامدانی هاوسەنگی لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.

*** پێتوانییە پێویستە بۆ ساڵی داهاتوو بودجەیەکی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی کوردو پرۆژەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم تەرخان بکرێت ؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و خەڵکەکانی ئەم ناوچانە دەدات، بۆیە لە رەشنووسی پرۆژەی یاسای بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٣ بڕێك بودجە تەرخانکراوە بۆ جیبەجێکردنی چەندین پرۆژەی پێویست و گرنگ لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. کە ئەمەش چاوەڕێی پەسەندکردنە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

*** ئایا پێتوایە لە پەرلەمانی کوردستان دوور لە حزبایەتی و ململانێ سیاسیەکانی نێوان پارتە سیاسیەکان بەتایبەتی لەنێوان پارتە فەرمانڕەواکان و ئۆپۆزسیۆن گفتوگۆیەکی زانستی و رێکوپێك بۆ رێکخستنی بودجەو چارەسەرکردنی کەموکورییەکانی بەڕێوەدەچێت ؟ یا وەکو ساڵانی تر گفتوگۆکان لەچوارچێوەیەکی سیاسی و حزبایەتی بەڕێوەدەچێت؟**

- هیوادارین کە هەموو لایەنێك بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەرێم بەگشتی

**ژمارەی دانیشتوانی کوردستان زیادی کردووە و پێویستی پرۆژە سەرەکیەکانی ژێرخانیش وەکو ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، رێگاوبان، نەخۆشخانە، قوتابخانە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان روو لە زیادبوون دەکات. بۆیە چاوەڕوان ناکرێت لەم ساڵدا هەموو پێداویستی و کەموکوڕیەکان چارەسەر بکرێت**

**بۆ دابەشکردنی پرۆژەکان زیاتر پێداویستی ناوچەکان و رێژەی دانیشتووان رەچاو دەکرێت**

بخاتە سەرووی هەموو شتێکی کەسی و یان حیزبی و تەنها زانستیانە و بابەتیانە لە پرۆژەکی بودجەی حکومەتی هەرێم بکۆڵێتەوە نەك بۆ هیچ مەرامی تر کە زیان بە هەموو لایەنێك دەگەیێنێت.

***ئایا پلانی ئابووری کە ماوەیەکە وەزارەتی پلاندانان سەرقاڵێتی بەکوێ گەیشت؟**

ئەوەی مەبەستە لەم پرسیارە دیدگای هەرێمی کوردستانە بۆ ٢٠٢٠ کە کەرتی ئابووری تیایدا لایەنێکی سەرەکی یە، چونکە هیچ پەرەپێدانێك بەبێ بوونی ئابووریەکی پتەو و تۆکمە بەدینایەت. وەکو لە سەرەتادا باسکرا وەزارەتی پلاندانان رەشنووسی ئەم دیدگایەی تەواو ئامادەکردو وێنەیەکی نارد بۆ سەرجەم وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی دیراسەتکردنی و دەوڵەمەندکردنی بە را و سەرنجەکانیان.

*** پرۆسەی سەرژمێری چی بەسەر هاتووە ئایا بۆچی ئەم پرۆسەیە دوادەخرێت؟**

- گرنگی و پێویستی عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری ئاشکرایە. لە هەموو وڵاتانی جیهان ئەم پرۆسەیە بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت، چونکە رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە. دارشتنی هەر پلانێك و سیاسەتێك لە هەر بوارێك بێت سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هتد. پێویستی بە ئامار و زانیاری تەواو و دروست هەیە کە سەرەتا لە دیاریکردنی رێژە و ژمارەی دانیشتوانی وڵات بەگشتی و ناوچەکانی دەستپێدەکات. بۆیە جێگای داخە کە بەردەوام ئەم پرۆسەیە دوادەخرێت کە پاڵنەری سیاسی هۆکاری سەرەکیە لەم دواخستنە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن خۆیەوە هەمیشە بانگهێشتە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە دەکات و هاندەرێتی.

*** پێت وایە بەپێی پێویست توانیبمان سوود لەو رێکخراوانە وەربگرین کە پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە ؟**

- هەرێمی کوردستان لە رووی پەرەپێدانەوە

پەیوەندی پتەوی بەستەوە لەگەڵ ژمارەیەك ئاژانس و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە لەوانە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەورووپی، بانکی نێودەوڵەتی، ئاژانسی USAID ئەمریکی، ئاژانسی (کۆیکا) ی کۆریای باشوور، و ئاژانسی (جایکا)ی ژاپۆنی و هتد. وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ ئەم ئاژانسانە کاردەکات لەسەر بەرنامە و پڕۆژەی پەرەپێدانی جۆراوجۆر وەك پەرەپێدانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بەرنامەی سەروەری یاسا، ژینگە، تەندروستی، پەروەردە، خێزان، ئافرەت، منداڵ و زۆرێك لە بواری تر. ئەم ئاژانس و ڕێکخراوانە هاوکاریمان دەکەن بۆ باشترکردنی شێوازی ڕووبەڕووبونەوەی کۆسپ و تەگەرەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدان لەڕێگای پەرەپێدانی سیستەمەکان و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان لە ناوە و دەرەوەی هەرێمدا و جێبەجێکردنی بەرنامەکان.

*** تاچەند توانیومانە لەرووی پەرەپێدانی مرۆیی**

**وەزارەتی پلاندانان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ڕەشنووسی دیدگای هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠٢٠ی ناردووە بۆ سەرجەم و وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**یـوە پەرە بە سـەرمایەی مەعریفی بدرێت، بەتایبەتی کە ئێوە خاوەنی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتین بەو ناوەوە؟**

- یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی پلاندانان پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت هەڵسا بە دامەزراندنی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی گشتی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆییە کە ئاماژەت پێکرد. ئەم ئەنستیتۆیە هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی ڕاهێنانی جۆراوجۆری گشتی و تایبەت بۆ هەموو ئاستەکانی وەزیفی کە ئەمەش بەرهەمەکەی لەگەڵ کاتدا دەردەکەوێت، بەردەوامیشین لە کارکردن بۆ پەرەپێدان بە بەرنامە و خولەکانی ڕاهێنان تاکو باشترین ئەنجام لەم بوارە بەدەست بێنین.







# دەوڵەتی ئایینی و دەوڵەتی مەدەنی



ئازا حەسیب قەرەداخی

**دوو هەفتە جارێک بۆ گولانی دەنووسێت**

شیکرنەوەی گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیە پاشی ئەوەی ڕووداوەکانی ناونرا «بەهاری عەرەبی»، لە نێوانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی یان شەریعەت و دەوڵەتی مەدەنیدا، شیکردنەوەی گرفتێکی گەورە و ئاڵۆزە.

هەندێك بە خێرایی بڕیار لەم شیکردنەوەیە دەدەن و بەو دەرەنجامە دەگەن کە بردنەوەی حزب یان هاوپەیمانێتییە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، لە پێشەوەی هەمووشیان ئیخوانەکان، سەرەتای مەیل و ئیرادەی هاووڵاتیان دەردەخات کە کام یەکێك لەو دوو دەوڵەتەیان دەوێ.

هەندێکی دیکە فراوانتر دەڕواننە تابلۆکە و ئەو فیگەر و توخمانەیش دەبینن کە هێشتا لەناو ئەم کۆمەڵگایانەدا دەجووڵێن، بەڵام لەژێر هەژموونی ئیسلامییەکاندا ڕۆڵیان زەوتکرا و شۆڕشەکەیان لێ دزرا. لە قۆناغی داهاتوودا ئەمان وەکوو ئیرادەیەکی مەدەنی دەبنەوە بە بزوێنەری ڕاستەقینەی شەقام و ڕای گشتی بەرامبەر ئیسلامییەکان و پرۆژەی دەوڵەتی ئایینی.

ئەگەری هەردوو دەرەنجامەکەیش، واتە هەردوو ئیرادەکەیش لە ئارادایە. ئەگەری ئەوەی دەوڵەتێکی ئایینی لەسەر بنەماکانی شەریعەت دابمەزرێنرێ. هەروەها ئەگەری ئەوەی دەوڵەتێکی مەدەنی لەسەر بنەمای دەستوور و یاسا دانراوەکان دابمەزرێنرێ.

ئەگەری یەکەم پشت ئەستوورە بە دوو فاکتەر، یەکەمیان: باوەڕ و عەقیدەی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵك. دووەمیان: لەبەر ئەوەی خەڵك زۆر ماندوو بوون و زۆریان برسییە و بێکاری و گرانی تەواو تەنگی پێهەڵچنیون، بۆیە دەرەنجام دەنگ دەدەن بە هەر شێوەیەك لە دەوڵەت کە پێیان وایە لەم قۆناغەدا جۆرێك لە ئۆقرەیی و ئارامییان بۆ دەرەخسێنێ.

ئەگەری دووەم کە دەوڵەتی مەدەنییە پشت ئەستوورە بە دوو فاکتەر، یەکەمیان مانەوەی ئیرادەی بەرەنگاربوونەوە و درێژەپێدانی شۆڕش تا جێبەجێکردنی هەموو ئامانجەکانی. دووەم فاکتەر هەڵکەوتی سیاسیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە کە ڕێگە بە گەڕانەوە نادات بەرەو دەوڵەتی ئیستیبداد و تەکفیر.

حاڵی حازر قۆناغی ئینتیقالییە و هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە تاقیکردنەوەدان.

ئیسلامییەکان بەگشتی و ئیخوان بەتایبەتی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدان. پرسیارو پرسەگەلەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە پەیوەندییان بە تەحویلدانی شەرعییەتی خەباتگێڕییەوە هەیە بۆ شەرعییەتی حوکمڕانی و دەوڵەتمەداریی.

تەحویلکردنی شەرعییەت بە شەریعەت نابێ، بەڵکو بەکرداری دەوڵەتمەداریی وەزعی دەبێ.

ئەم ئاڵوگۆڕە ئەوە بەسەر ئیسلامییەکاندا دەسەپێنێ کە ئیتر دەوڵەت بەڕێوە ببەن، خزمەتگوزاری و ئازادی و نان و کار و عەدالەت و ئۆقرەیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان دابین بکەن.

دابین کردنی نان و کار و خزمەتگوزاری و عەدالەت سیاسەتی دارایی و ئابووری گەرەکە کە لە دامەزراندن و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و ڕێکخستنی بازاڕەوە سەردەکێشێ تا پێشخستنی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بانك و گەشتوگوزار و ئاڵوێردی بازرگانی و مامەڵەکردن لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتی دراو و کۆمپانیا زەبەلاحەکان و چەندینی دیکە. ئەمانەیش بە دروشمی «الإسلام هو الحل» ناکرێ، چونکە جگە لە خۆیان لەم هاوکێشەیەدا کەسی دیکە ئیسلام نییە و یاساکانی کارکردن و مامەڵەیان شەریعەت و دەقەکانی قورئانی پیرۆز نییە، بەڵکو چەردەیەك یاسای دانراوی بیرکردنەوەی مرۆڤن.

دابین کردنی ئازادی، ڕێگەدان بە حزبی بەرهەڵستکار و بیروڕای ناکۆك و جیاواز و میدیا و ڕاگەیاندنی ئازاد و سینەما و هونەر و بڕوابوون بە فەلسەفەی فەردانی گەرەکە، کە هەر هەموو پێچەوانەن لەگەڵ تەکفیر و تەخوین و پەراوێزخستن و قۆرخکردنی

حەقیقەت لەسەر بنەمای دەقی پیرۆز و شەریعەتی خودایی.

دابین کردنی ئۆقرەیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، شەراکەتی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای گەرەکە لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بێ ئەوەی بەناوی جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامەوە هیچ پێکهاتەیەك بە لاوەبنرێ یان بخرێتە ژێر ئەحکامی جزییەدان و فەرامۆشکردنی رەگەزی و تەخوین و بەکرێگیراویی یەهود و غەربەوە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیخوان و ئیسلامییەکانی دەسەڵاتی ئەمڕۆ لە وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا، بە ناچاری دەبێ مامەڵە لەگەڵ یاسا و رێسا و پەیوەندییە ئاڵۆز و پڕ گرێوگۆڵە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بکەن

**ئیسلامییەکان بەگشتی و ئیخوان بەتایبەتی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدان. پرسیارو پرسگەلەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە پەیوەندییان بە تەحویلدانی شەرعییەتی خەباتگێڕییەوە هەیە بۆ شەرعییەتی حوکمڕانی و دەوڵەتمەداریی**

کە هەر هەمووی یاسا و رێسای وەزعین و لە دروستکراوی مرۆڤە «عەلمانییەکان»ـن. بۆ ئەمەیشیان چەمکەکانی «دار الإسلام» و « دار الکفر» بڤەیەکی نێودەوڵەتییە کە لانی کەم ئابلۆقەی ئابووری و فشاری سیاسی و کێشانەوەی پێوەندی دیبلۆماسییان لێ دەکەوێتەوە.

ئێستا ئیسلامییەکان خودان دەسەڵاتن و تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەواندایە. ململانێکەیش لەسەر شەرعییەتە نەك لەسەر شەریعەت.

هەوڵدانی ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دابەشی دوو بەرە بکەن، یەکێکیان لایەنگرانی شەریعەت و دووەمیان دژی شەریعەتی خوا، دابەشکردنێکی زۆر مەترسیدارە و دەرەنجامەکەی لە ئەفغانستانی تاڵیبان باشتر نابێ. هەروەها لە پێناوی جێبەجێکردنی شەریعەتدا لە هەلومەرجێکی تەواو مرۆڤانە و بۆ رێکخستنی دەوڵەت لەسەر زەوی نەك لە ئاسمان و لە ناو کۆمەڵگایەکی فرە پێکهاتەدا و لەناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەواو عەلمانیدا، پرۆسەی ئینتیحارە و ئەو دەرفەتەیش لە دەست خۆیان دەدەن کە بۆ تەحویلکردنی شەرعییەتی خەباتگێڕانەیان بۆ شەرعییەتی دەوڵەتمەداری بۆیان هاتۆتە ئاراوە و تەنانەت کە شەرعییەتی دەوڵەتمەدارییان دەست ناکەوێ، ئەو شەرعییەتی خەباتگێڕییەی لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵی رابردوودا هەیانبوو، ئەویش بۆ یەکجاری لە دەست دەدەن و ناتوانن وەریگرنەوە.

تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئیسلامییەکاندایە کە بە چاوی کەم سەیری نەیار و ناکۆك و پێکهاتە سیاسی و ئایینییەکانی دیکە نەکەن و بە لۆژیکی هێزی ژمارەی دەنگ هەڵنەخەڵەتێن. وا نەزانن کە مادەم ژمارەی زۆرتری دەنگیان بەدەستهێناوە کەواتە نەیارەکانیان کەمینەن و توانای کۆکردنەوەی دەنگی ناڕازیی هێندەی دەنگەکانی خۆیانە و دروستکردنی ئاپۆرای ملیۆنی بۆتە هونەر و توانای خۆیان.

تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئیسلامییەکاندایە بۆ چاککردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەران و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ئاستی گونجاوی عەدالەت. ئەمەیش بە گۆڕینی دەقی ئەم یاسا و ئەو یاسای دیکە لە یاسای وەزعییەوە بۆ ئەحکامی شەریعە نابێ، بەڵکو بە گۆڕینی خودی ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەلومەرجە سیاسییە دەبێت کە ئەو نەهامەتییانەیان بۆ گەلانی «بەهاری عەرەبی» خوڵقاندووە.

هەروەکوو چۆن ئیسلامییەکان لەبەردەم هەموو ئەم تاقیکردنەوانەدان و هی ئەمان سەختە چونکە خودان دەسەڵاتن، هەروەها بەرەکەی دیکەیش لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی چاوەڕوانکراودایە. پرسیار و پرسگەلەکانی رووبەڕووی ئەمانیش دەبێتەوە، هەمان ئەوانەن کە رووبەڕووی ئیسلامییەکان بۆتەوە. ئەمان دەبێت لە رێی پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤی مەدەنییەوە لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچن.

ئەمان موتاڵەبن بەوەی بنەماکانی ئەو دەوڵەتە مەدەنییە بە هەموو وردەکارییە دەستووریی و یاسایی و کولتووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانییەوە بکەنە ئەڵتەرناتیڤی تاقیکردنەوەی ئیسلامییەکان لە حاڵەتێکدا کە دەیانەوێ دەسەڵاتەکەیان لێ بسێننەوە، یان ئیسلامییەکان خۆیان تێیدا سەرناکەون و لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا دەیدۆڕێنن.

دەوڵەتێکی مەدەنی وەکوو ئەڵتەرناتیڤ پێشکەش بکەن، دەستوورێکی وەزعی مەرجەعییەتی بێ کە بنەمای دانانی یاساکان بێ و هەردووکیشیان دروستکراو و دانراوی مرۆڤ بن، دەقی پیرۆز و کامڵ نەبن و شیاوی دەستکاری و هەموارکردن و لابردن و لەشوێندانان بن.

دەوڵەتێك توانای لە خۆگرتنی ناڕەزایی و جیاوازی و ناکۆکەکانی هەیە و کەمینە وەکوو زۆرینەی سیاسی خودان ماف و رۆڵە تێیدا.

هیچ کەسێ، هیچ رەگەزێ، هیچ حزبێك، هیچ ئایین و نەتەوە و گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەلاوە نانرێ، بەڵکو شەریك دەبێ لە ژیانی سیاسی و دروستکردنی بڕیار و گەشەپێدانی کۆمەڵگادا و بنەما و میکانیزمەکانی دیموکراسی و یاسا مەدەنییەکان ئەم شەراکەتە رێکدەخەن و دەپارێزن.

دەوڵەتێك هەموو هاوڵاتییەکانی یەکسانن لە ماف و ئەرك و رۆڵدا، ئازادن لە بیرو ڕا و


**هەوڵدانی ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دابەشی دوو بەرە بکەن، یەکێکیان لایەنگرانی شەریعەت و دووەمیان دژی شەریعەتی خوا، دابەشکردنێکی زۆر مەترسیدارە و دەرەنجامەکەی لە ئەفغانستانی تاڵیبان باشتر نابێ**

بڕوا و ئاییندا. کەس کافر نییە و کەسیش ئایینەکەی، یان نەتەوەکەی، یان رەگەزەکەی یان حزبەکەی ماف و دەسەڵاتی زیاتری لەوانی دیکە و فەزڵی بەسەریاندا پێنابەخشێ.

هەردووکیان، ئیسلامییەکان و هێزە مەدەنییەکان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی هاوشێوەدان کە گرنگترین پرس تێیدا ئەوەیە ماك و خەسڵەتی ململانێی نێوانیان لە ململانێی سیاسی لەسەر دەسەڵات نەگۆڕن بە ململانێ لەسەر جێبەجێکردنی ئیرادەی خودا و کوفرکردن بەو ئیرادەیە. هەر کاتێك ئاراستەی ململانێکە بەو دیوەدا وەرگەڕا ئەوا دەبێ فاتیحە لەسەر ئەم ناوچەیە بخوێنین و چاوەڕوانی سەردەمێکی زۆر تاریك و پاشەکشەیەکی یەکجار گەورە و دراماتیکی بکەین کە کەس ناتوانێ مۆرکی دەرەنجام و قەوارە و ژمارەی کەرەساتەکانی دیاری بکات.



# شەڕی ناوخۆ.. سوریا وەک نموونە



دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

شەڕی ناوخۆ دیاردەیەکی ئاڵۆزە. چەمکەکانی وەك ڕاست و هەڵە، یاسایی و نایاسایی، شەرعی و ناشەرعی، یاخیبوو و جەنگاوەری ئازادی، تیرۆریزم و هێزەکانی جێبەجێکردنی یاسا، چەمکگەلێکی ئەوەندە بە یەکداچوو و پێکەوەپەیوەستن کە دووچاری سەرلێشواویمان دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی دوایین مانا بە پارتەکان و کردەوەکانیان دەبەخشێت بریتییە لەوەی کێ دەدۆڕێت و کێ براوە دەبێت. سەرچاوەیەکی دیکە لەم مەسەلەیەدا بریتییە لە سروشت یان ناسنامەی لایەنەکانی ناکۆکییەکە و ئەو هێزانەی پشتیوانیان دەکەن. هەر لایەنێك هێزی ڕاگەیاندنی لە ناوەوە و دەرەوە هەبێت، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی دەتوانێت ئەو گوتارە دیاری بکات کە لە بارەی ناکۆکییەکەوە لە ئارادایە. کەواتە مانا و دەلالەتی شەڕی ناوخۆ هێندەی ئەو کردارانە گرنگن کە هاوشانن بە شەڕەکە.

دەکرێت ئەوانەی پێشتر یاخیبوو و تیرۆریست بوون ببنە پارتێکی سیاسیی شەرعی و سەرکردەگەلێکی ڕێزلێگیراو. تەواوی ئەمە مەسەلەیە بەندە بە سەرکەوتنەوە. بەڵام شتێکی دیکەش پێویستە لەم ڕووەوە: ئەگەر سیستمە سیاسی- یاساییەکە کە لەسەر «ڕۆژی دواتر» بنیاتنراوە، هەڵگری خەسڵەتی نۆرمەکانی سەروەریی یاسا و دیموکراسی بن کە لە ئاستی نێودەوڵەتی پەسەندکراون، ئەوا ئەو خیتابە سلبییەی ئێستا لە ئارادایە بە شێوەیەکی دراماتیکی بەرەو باشتر دەگۆڕێت. ئێمە دوای چەندین شەڕی ناوخۆ ئەم دەرئەنجامەمان بینی.

شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا لەبەرچاو بگرن. هێشتا ڕێبەری گەشتیاریی واشنتۆن دی سی نازناوی هێزە «یاخیبووەکان» دەداتە پاڵ سوپای باشوور (کۆنفیدراسی) کە گەیشتە کەنارەکانی ڕووباری پۆتۆماك. پارتی کۆنگرێسی نەتەوەیی باشووری ئەفریقیا بە سەرکردایەتیی نیلسۆن ماندێللا کەسێکی «تیرۆریست» بوو بەلای ڕژێمی ئەپارتهایدەوە. تەنانەت مستەفا کەمال ئەتاتورك کە پاڵەوانێکی حاشاهەڵنەگرە لەلایەن حکومڕانە عوسمانییەکانەوە بە یاخیبوو لە قەڵەمدرا و سزای لەسێدارەدانیشی بۆ دەرکرا. ئەگەرچی لەپێکهێنانی حکومەتێکی بەدیلدا و لە گۆڕەپانی شەڕەکەی سەرکەوتوو بوو، دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت و خەلیفەتی هەبوو، کە ئەمانە بناغەی شەرعییەتی ڕژێمی پاشایەتیی عوسمانی بوون.

هەمان هەڵسەنگاندن ڕاستە بۆ ئەو کەسانەی کە هەوڵی کودەتایان دا و سەرکەوتوو بوون. ئەوانەشی کە شکستیان هێنا وەك خیانەتکارێك لە سێدارەدران. ئەوانەی سەرکەوتوو بوون یاساکان دەنووسنەوەو خۆیان وەك حکومڕانێکی نوێی وڵاتەکە دەخەنەڕوو کە قابیلی ئەوەنین



> **دۆخی سوریا گەیشتۆتە خاڵێک کە بواری ئاشتەوایی و چاکسازیکردن لە حکومەتدا نەماوەتەوە**

هەڵە بکەن. بە شێوەیەکی گشتی کودەتاکان لە کاتی یان لە سەر لێواری شەڕی ناوخۆدا ڕوودەدەن، ئەویش بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە پشێوی و دووبەرەکی. کەواتە مانا و دەلالەتی شەڕی ناوخۆ زۆر پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە. دەسەڵات ژێرخانی یاسایی و دامەزراوەیی دروست دەکات بۆ شەرعیەتدان بەو پۆستە نوێیانەی کە دەسەڵاتداران بەدەستیان هێناوە.

ئەوەی من دەمەوێت پێی بگەم ئەوەیە کە ئەو شەڕەی لە سوریادا هەیە گەیشتۆتە دۆخی شەڕێکی ناوخۆیی تەواو و سەرتاسەری. بە پێچەوانەی ئەو شەڕانەی دژی «دوژمنێکی» دەرەکی و بەرچاو و ناسراو دەکرێن، ئەوا شەڕی ناوخۆ لە ناوخۆی وڵاتدا دەکرێت و دژ بە بەشێك لە هاووڵاتیان ئەنجام دەدرێت. دەکرێت چەندین هۆکار هەبن بۆ سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی ناکۆکییەکی ناوخۆیی، بەڵام باوترین هۆکار بریتییە لە کاریگەرییە کەڵەکەبووەکانی، دوورخستنەوە و سەرکوتکردن و پەراوێزخستنی گرووپێك کە لە ڕووی ئیتنی، ئایینی و کەلتووری و سیاسییەوە جیاوازە. ئەو کاتە شەڕی ناوخۆ لە بوونی حکومەتێکی (حکومەتێك کە هەمووان لە خۆنەگرێت و لە ڕووی یاساییەوە جیاکاری بکات) خراپەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو کاتە ناوهێنانی «لایەنەکەی دیکە»، بە واتایەکی دیکە گروپێکی ناحکومی، هەمیشە مایەی گیروگرفت دەبێت. لەوەش زیاتر، لەو کۆمەڵگەیانەی کە فرەیی ئیتنی و ئایینیان تێدایە، هەموو گروپێکی ناوخۆیی درێژبوونەوەیەکی هەیە لە وڵاتانی دراوسێدا. هەر ناکۆکیەکی مەحەلی ڕاستەوخۆ دەبێتە ناکۆکییەکی ئیقلیمی و ئەمەش زەمینەخۆش دەکات بۆ دروستبوونی گوتاری «دەستێوەردانی دەرەکی».

لە حاڵەتی سوریادا، دوو لایەنە ڕکابەرە دیارەکە بریتین لە «هێزەکانی حکومەت» و «موعارەزە». بە شێوەیەکی گشتی حکومەت لەلایەن عەلەویەکان، مەسیحییەکان و بەشێك لە چینە باڵاکان و چینە باڵا-ناوەڕاستەکانی سوننەوە پشتیوانی دەکرێت. بەلای کەمەوە ئەمە هەل و مەرجەکە بوو لە سەرەتای شەڕەکەدا. ئەمە ڕواڵەتی شەرعییەتی بە حکومەتەکە بەخشی بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر پەنا بۆ توندوتیژی و دڵڕەقی ببات. موعارەزە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی جیاواز لە گروپ و پێکهاتەکان. هەردوو لایەنەکە پشتیوانیی نێودەوڵەتیان هەیە. ئیمتیازی سەرەکیی دەستی حکومەت بریتییە لەوەی هێشتا دەزگاکانی دەوڵەتی بەدەستەوەیە. تاوەکو موعارەزە ڕواڵەتێك لە میکانیزمی دەوڵەت لە مەنفا پێکنەهێنێت و پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی بەرچاو بەدەست نەهێنێت، ئەوا حکومەتەکەی ئەسەد ئیمتیازی دەبێت بەسەر موعارەزەوە لە پەیوەندیدا بە ئیعتیراف پێکردنەوە.

دۆخی سوریا گەیشتۆتە خاڵێك کە بواری ئاشتەوایی و چاکسازیکردن لە حکومەتدا نەماوەتەوە. هەردوولا یەکدی تۆمەتبار دەکەن بەوەی لایەنەکەی دیکە ناشەرعییە و پەنا بۆ تیرۆریزم دەبات، بە دڵنیاییەوە حکومەت توانایەکی زیاتری تێکشکاندنی لە دەستدایە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە مایەی زیانە بۆی. کاتێك ئاستی توندوتیژی پیادەکراو لەلایەن حکومەتەوە زیاتر بوو، گەیشتە ئاستێك نزیك بێتەوە لە ئەنجامدانی «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی»، ئەم ڕاڤەیەش دەرگایەکی والایە بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی. کەواتە هیچ «شەڕێکی ناوخۆیی» لە سەردەمی ئێمەدا دیاردەیەکی ناوخۆیی و نەتەوەیی نییە.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# حزبە بەرهەڵستکارەکانی سۆدان لەسەر ئەلتەرناتیفێکی دیموکراتیانە بۆ وڵاتەکەیان کۆکن



گوڵان: ئەسما حوسەینی- قاهیرە

ئەو خۆپیشـاندانانەی لەوەتەی شـازدەی ئەم مانگە خەرتوومـی گرتۆتەوە،وەك نارەزاییەك بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی كالاو شـتومەك و لابردنی پشـتیوانی لە سـووتەمەنی كە لە هەینـی رابردوودا كە لەژێر دروشمی (كاسـە لێسـتنەوە) سازكرا،بەشـێوەیەك فـراوان بوو تەنانەت قوتابیانی زانكۆشـی گرتەوە كە هەر خۆیان هەڵیانگیرساندبوو،دواتر سەرجەم ناوچەو شـارەكان و ویلایەتەكانی دیكەی سـۆدانی گرتەوە،ئەم خۆپیشـاندانانە بەربەسـتی ترس وبێدەنگی شـكاند و چەندین بنەماو دیمەنی سیاسی سـۆدانی هەژاند،كە دابەشبوونێكی لە هاوكێشـەكە هێنایە ئـاراوە لەنێوان حزبی فەرمانڕەوا كە پشـت بە هێزەكەی دەبەستێت و گوێ بەكەس نادات و تەحەددای ئۆپۆزسیۆن دەكات ئەگەر برژێنە سـەر شەقامەكانیش كە مەبەسـت ئەوە بێت دەسەلاتەكەیان لە چنگ دەربهێنن و لەنێوان ئەو حزبە بەرهەڵستكارانەی كـە تاراددەیەكـی زۆر توانایـان لاواز بووە وكاریگەرییان لەدەستداوە،بۆیە خەڵكەكە دوای ئەوەی رق و كینەیان گەیشتە ئەو رادەیەی كە جام پڕبوو لێی دەرژێت بە تایبەتی ئەوەی كە پەیوەستە بە شوێنەواری سیاسەتی ئابووری،كە ماوەیەكـی زۆر بەدەسـتییەوە دەناڵێنن،تـا كار گەیشـتە ئـەوەی دروشـمی (میللەت دەیەوێت رژێم برووخێـت)وەك ئیلهام وەرگرتن لەشۆڕشەكانی بەهاری عەرەبی،وێڕای سوود وەرگرتن لە كلتووری شۆڕشگێڕیی سۆدان كە نموونەیەكی زیندووی شۆڕشـگێڕیی بوو لە ناوچەی عەرەبی و كیشوەری ئەفریقیا،چونكە لەو وڵاتانەدا دوو راپەڕینـی گەورە روویاندا یەكەمیـان لـە ئوكتۆبەری سـاڵی ١٩٦٤ و ئەوەی دیكەشـیان لە ئەپریلی ساڵی ١٩٨٥، كە هەردوو سـەرۆكی پێشـووتری ئیبراهیم عەبـود و جەعفەر نومێـری رووخاند،دەزگا ئەمنییەكانی سودان بە توندی و بەزەبری هێز بەرەنگاری ئەو خۆپیشـاندانانە بوونەوە،تێیدا گوللەی پلاسـتیك و گوللەی راستییان بەكار هێنا،وێڕای هەڵمەتێكی فراوانی رەشبگیریی لە نێوان خۆپیشاندەران و لێدان و ئازاردانیان لە پاڵ ئەمەشدا چەندین رۆژنامەیان داخست و، تەنانەت هەروەكو شـایەدحاڵەكان دەڵێن هێزێك بە جلـی مەدەنییەوە دەركەوتـن كە بەزمانی سـووریەكان پێیـان دەڵێن(شـەبیحە)،گەلی سـۆدانیش بەدەر نییە لەوەی كە لە ناوچەی عەرەبی روودەدات،چونكـە ئەو گەلە هەر لە بنەڕەتدا سـیمای شۆڕشگێڕی پێوە دیاربووەو پارێزگاریشـی لە رەسـەنایەتی ئەفریقیانەی خۆی كردووە،ئەمڕۆش هاووڵاتیانی سـۆدانی لە نزیكەوە ئاگاداری هەواڵەكانی شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبیین هەر لە تونسـەوە بۆ میسـر دواتر بۆ لیبیا و یەمەن و بەحرەین و سوریا،زۆر كەسـیش لە سۆدان دەپرسـن كەی رەشەبای گۆڕانكاریی وڵاتەكەیان دەگرێتەوە،كە سروشت و هەلـو مەرجی جیاوازتر نییـە لە وڵاتانی دیكەی بەهـاری عەرەبی،زۆرینەی خەڵكی سـۆدانیش پەرۆشی گۆڕینن و دەیانەوێت ئەو بارودۆخەی ئێسـتا چاك بكرێـت كە رووی لـە هەڵدێرە،تەنانەت دوای جـودا بوونەوەی باشوور خەریكە سـۆدان بە یەكجاری بچووك دەبێتەوە،كـە دەرئەنجـام ٧٥٪ی داهاتـی پترۆل ودراوی قورسـی لەدەسـتداوە،هاوكات دابەزینـی نرخـی جونەیهـی سـۆدانی و رێـژەی هەڵاوسـانیش گەیشـتە٤٨٪ بەڵام ئەوانـەی داوای گۆڕین دەكەن راوبۆچوونیان جیاوازە،هەیانـە گرەو دەكەن لەسـەر گۆڕین لەناو دەسـەلات یان لە بزووتنەوەی ئیسلامی كە فەرمانڕەواكان سـەر بە ئەون،هەندێكیشیان گرەو دەكەن لەسـەر ئەنجامدانی كودەتا لەنێو گرووپی فەرمانڕەوا،بەڵام هەشیانە گرەو لەسەر ئەنجامدانی چاكسازی دەكەن لە نێو حوكمدا.

گۆڕەپانی ئیسـلامی لە سـۆدان بەم دواییە نزیكەی (٥)یاداشـتی لە ئیسلامییەكانەوە بۆ چاكسـازیی دەسەلات بەخۆیەوە بینی،كە زەمانی یاداشتەكان جیاوازییان هەبوو لە نێوان توندی و نەرمی،هەروەهـا لە نێوان رێكاری ئاسـان و گۆڕانكاریی رادیكالی كە بەڕای هەندێكیان زۆر پێویسـتە،ئەگەر شێوەی ئەو یاداشـتانە هەرچۆنێك بن ئەوا ئەو راسـتییە دەردەخات كە ترسـێك لە ئارادایە سەبارەت بە رزگاركردنی كەشـتی حوكمی ئیسلامی یان سـۆدان،كە ئەمڕۆ بەدەست گرفت و كێشەوە دەناڵێنێت،هەندێ كەس ترسـێكی زۆری لە گۆڕیندا هەیە بەشـێوەیەك كە رەنگە دوای رووخانی رژێم ئاژاوەو پاشاگەردانییەكی بێ سەروبەر ئەو وڵاتە بگرێتەوە بە جۆرێك چەك و میلیشیا تەشـەنە بكات،لەگەڵ ئەگەری بەرگرییەكی زۆری رژێمی ئێستا كە لە ساڵی ١٩٨٩-وە حوكمـی وڵات دەكات،بۆیە پێیان وایە كە ئەم گۆڕینـە هەرگیز وەك بەهاری عەرەبی نابێت لەسـۆدان، رەنگە وەك پاییزێك بێت رەشەباو زریانێكی ئەوتۆی لەگەڵدابێت لە كۆتاییدا زیانی لە قازانجی زیاتر بێت.

> **بەرەی ئینقاز سیاسەتی تەقەشوفی ڕاگەیاند. ئەم سیاسەتەش ژیانی هاووڵاتیانی وەرگەڕاندۆتە سەرناگوزەریی دۆزەخئاسایی. سەرەڕای ئەمانەش هێزی توندو زبر دژ بە هاووڵاتیان بەكار دەهێنرێن و بە خیانەت و بەكرێگیراویی تاوانباریان دەكەن**

ئەو خۆپیشـاندان و نارەزاییانـەی قوتابیان و لاوان كـە خەرتوم و شـارو ویلایەتەكانی گرتەوە بەربەسـتی ترسـیان لە رێكخستن و دەزگا ئەمنییەكان هەرەس پێهێنا،تەنانەت ئەو خۆپیشاندەرانە توانییان بەستەڵەكی بێدەنگی لە نێو حزبی بەرهەڵستكاریشدا بشكێنن،بۆیە هیچ رۆژێك تێناپەڕێت كە خۆپیشـاندان یان نارەزایی لە سۆدان روو نەدات، ئەم وڵاتە هەر لەرۆژی نۆی ئەیلولـی یۆلیۆی رابردووەوە هەڵكشـان بە خۆیەوە دەبینێت،ئەو رۆژەی كە بە فەرمی باشـوور جیابووەوەو سەربەخۆیی راگەیاند،لە هەمان كاتیشـدا شـەڕ لە زۆر بەرەدا سـەریهەڵدا،لە باشـووری كردەفان و نیلی شین،وێڕای بەردەوامی گرژیی بارودۆخ لـە دارفۆر، هـاوكات هەڕەشـەی ئەوەش لەئارادایە شـەڕ لە گەڵ دەوڵەتی باشووریش سـەرهەڵبداتەوە،ئەو نارەزاییانـەش بە فیتی حزب و هێزە سیاسـییەكان یان سـەركردەی یاخیبوو نەبووە،بەڵكو ئەوەی كە دەرئەنجامی برسـێتی و بلاوبوونەوەی هەژاری و گرانی و بەرزبوونەوەی لەرادەبەدەری نرخی شتومەك و كالایـە لە پاڵ بلاوبوونـەوەی گەندەڵی و بێكاری و جیاوازی رەهای كەسانێك كە پارەو سامانێكی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەوانەی نەبوون و نان نییە بیخۆن،ئەمە لە كاتێكدایە كە حزبە ئۆپۆزسیۆنەكانی سۆدان رێككەوتوون لەسەر رووخانی رژێم،دكتۆر بەشیر ئادەم رەحمەتوڵلا بەرپرسـی پەیوەندییەكانـی دەرەوە لە حزبی كۆنگرەی میللی بەرهەڵستكار بە(گولان)ی گوت: شۆڕش لەسۆدان ڕاناوەستێت، حزبەكانی ئۆپۆزسیۆنیش لەسەر هێڵی سەرەكیی ماوەی گواستنەوە دوای رووخانی حوكم رێككەوتوون كە ئەم ماوەیە دوو ساڵە،روونیشـی كردەوە كە لەسەر پێكهێنانی ئەنجومەنێكی سەرۆكایەتی رێككەوتوون كە نوێنەری هەموو لایەنەكانی سـۆدانی تێدایە و لە ٧ كـەس پێكدێت كە یەكێكیان ئافرەتە،لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠ وەزیر زیاتر نەبێـت پەرلەمانێكیش لە سەد ئەندام لە ماوەی گواستنەوە،ئەركەكەی بەدیهێنانی ئاشـتی بێت لـە هەموو ناوچە ئاڵۆزەكان لە وڵاتدا لەوانە دارفۆرو باشووری كردەفان و نیلی شین و راگرتنی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی باشووری



سۆدان، هەروەها ڕەحمەتوڵڵا ئاماژەی بەوەکرد کە بە ڕووخانی ڕژێم گەندەڵی دەوەستێت و سامانی دەوڵەتیش، بۆ چاکسازیی ئابووری و پەرەپێدان و خزمەتگوزاری و پەروەردەو چاککردن و ئاوەدانکردنەوەی ڕێگاوبانەکان وئەو ناوچانەی کە لەئاکامی شەڕوشۆڕ کاول بوونە، تەرخاندەکرێت، هەروەها ئازادیەکان لە ناوخۆدا دەچەسپێن و پەیوەندییەکانی دەرەوەی سۆدانیش بەرەو باشی دەچن و یارمەتی و وەبەرهێنانیش روو لە وڵات دەکەن.

سەبارەت بە ئامڕازەکانی ڕووخاندنی ڕژێم ڕەحمە وتی:ئەم ڕژێمەی ئێستا ئەگەر هەر بەردەوام بێت لەسەر نەهجی نەبوونی کێشەکان و وەڵامی دەسبەجێی نارەزایەتیەکان نەداتەوەو لەسەر لێدوان وڕاگەیاندراوە نابەرپرسیارەکانی خۆی بەردەوام بێت، دەرئەنجام لە ڕەگەوە دەردەکێشرێتە دەرەوە، وەك چۆن ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی ناوچەکە لە بنجەوە هەڵکێشران، وتیشی:بەرهەڵستکارانی سۆدان گۆڕانکاریی سەربازی ڕەتدەکەنەوەو بە ئومێدەوەن ئەو گۆڕانە بە ڕێگەی مەدەنی ئەنجام بدرێت، پێشی وایە کە ئەم شۆڕشە کەس پاز نادات، داواشی لە هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی سۆدانی کردووە خۆیان بدەنە پاڵ گەلەکەیان و لە دژی خەڵکی سقیل بە کاری تاوانکارییەوە تێوەنەگلێن و لەو بارەیەوە وتی:

بەکارهێنانی زەبروزەنگ کاردانەوەکەی وزەو هێزی زیاتر بەخشینی بۆ تێکۆشەران لە دوایە..

لە لایەن خۆیەوە سەید موبارەك فازڵ مەهدی داوای لە لاوانی گۆڕینخوازی سۆدانی کردووە پشتی یەکتر بگرن و چۆك بۆ تۆقاندن دانەدەن، وتیشی ڕژێم وەك پڵنگێکی کاغەزینەو هەموو ئەو هاش و هووشەی دەیکات دادی نادات و تەنانەت ڕوکنەکانی ناوخۆیشی پەرتەوازەو

**سێیەمین سیناریۆ بۆ دۆخی سۆدان کە قورسترینیانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە بزاڤە چەکدارەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەونە سەر هێڵی قەیرانەکە وبدەنە پاڵ نارەزایەتیە ئاشتیخوازانەکەو هەنجەت بدەنە حکومەت تا بە شێوەیەکی بەرفراوان دایانپڵۆسێت**

لێکپچڕاون وەك وەزیری دارایی ئاشکرایی کردووە کە ڕژێم لە ئیفلاسی تەواوی داوەو ناتوانێت ئیمرجنسی بۆ هێزەکانی دابین بکات، حزبی ئوممەی سۆدانیش دەسپێشکەری کردووە بۆ ئەم مانگرتنانە، ئەوەش لەسەر داخوازی سۆدانییەکان بەشدارەو بارودۆخی سۆدان ئەمڕۆ لە ناهەموارترین حاڵەتەکانیدایە، بارودۆخی بژێوی خەڵکی بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی ئینقازەوە نزمترین ئاستی خۆی تۆمار کردووە کە زەحمەتە خەڵك بەرگەی زۆرتر بگرێت، پاش دوو دەیەیە لە زەمان ئینقاز وڵاتی سۆدانی کردە مەحمیەیەکی نێودەوڵەتی و ژمارەی سەربازانی نەتەوەیەکگرتووەکان تێیدا گەیشتونە ٤٠ هەزار سەربازی بیانی، بەمەش سەروەربوونی نیشتمانی نەهێشتووە و وڵاتەکەی دابەش کردو بە هۆی جەنگەکانی دارفۆرو باشووری کردفان و باشووری نیلی شین) هەرێمەکەی گڕتێبەرداوە کە بە هۆی ئەو جەنگانەوە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠هەزار کوژراوی سۆدانی لێ کەوتۆتەوەو وڵاتەکەش کەوتۆتە جەنگەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەرۆکەکەشی لە لایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە داواکراوە، حزبی ئوممە دەڵێن: تێوەگلانی سەرکردەکانی ئینقاز بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی تۆمەتبار کراون و سامانی



گشتییان بە تالآن بردووە بۆ دەزگا حزبیەکانی خۆیـــان تا خۆیـــان و وەچەکانیان لەســـەری بلەوەڕێن و کۆشك و تەلاریان پێ بونیاد ناوەو لە بەرانبەریشدا ئاستی بژێوی خەڵکی سۆدان دابەزیـــوە، کەچی بەرەی ئینقاز سیاســـەتی دەسپێوەگرتنی تەقەشـــوفی ڕاگەیاندووە، ئەم سیاسەتەش ژیانی هاوولآتیانی وەرگەڕاندۆتە سەر ناگوزەریی دۆزەخئاســـایی و سەرەڕای ئەمانـــەش هێزی توند و زبر دژ بە هاوولآتیان بەکار دەهێنرێن و بە خیانەت و بەگرێگیراویی تاوانباریـــان دەکەن، داوا لـــە خەڵکی دەکرێت مانگرتنی ئاشتیخوازانەیان بەردەوام بێت تا ئەم ڕژێمە سەری خۆیان هەڵدەگرن و ئەلتەرناتیڤی نیشتمانیانەی دیموکراتی دێتە جێگایان..

تـــا ئێســـتاش پێشـــبینی چارەنووســـی ئەم نارەزایەتیانـــە ناکرێت، کە دیمەنی گۆڕەپانی ســـۆدانی ڕاچەنانـــدووە، چ لە نـــاو حزبی دەســـەڵاتدارەوە چ لـــە ناو هـــەردوو بەرەی ئۆپۆزســـیۆنەوە بـــە بێچـــەك و چەکداریەوە، تا ئێســـتاش دیار نییە داخـــوا ڕژێم هەر بە وەحشـــەتگەریانە ڕووبـــەڕووی مانگرتووان دەبێتەوە تا نوچیـــان پێدێنێ یان لە پاش **٢٣** ســـاڵ لە حوکمداری خۆیان دێتە ســـەرچۆك بـــۆ داخوازی خەڵکی، ئـــەم دۆزەش بە لای ئەم ڕژێمەوە مەســـەلەی مـــان و نەمانە وەك چۆن بەلای ڕژێمە ســـەرکوتکارەکانی دنیاوە هەر وابووە، بە نیســـبەت دۆزی سۆدانیشەوە تێکچڕژاوترە بە هـــۆی بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتیەوە بۆ دەستگیرکردنی عومەر بەشیر و ســـەرکردەکانی حزبەکەیەوە، لـــەم دواییەدا بەشـــیر هاتە دەرەوە نەك بـــۆ ئارامکردنەوەی مانگران، بەڵکو دەرپەڕیوە تا سەقامگیربوونی خـــۆی پتەو تر بکات و ئەوای تر بە هاندراوو تۆمەتبار بکات..

ئایا بەشیرو حزبەکەی وەڵامی نارەزایبوونەکان دەدەنەوەو هەوڵ بۆ چارەســـەرێکی ڕیشەهێن و گۆڕینـــی ڕاســـتەقینە دەدەن، ئەگـــەر وایان بکردایە سیاســـەتی تەقەشـــوفکردنیان ڕانەدەگەیانـــد لـــە بەرانبـــەر حکومـــەت و دامودەزگاکانـــی کە خەڵکـــی پێیان وایە ئەم هەنگاوە درەنگ وەخت هەڵێنراوە، هەندێکیش داوا لە حکومەت دەکەن ڕیفۆرمی ڕاستەقینەوە ڕیشـــەهێن ئەنجام بدات، هەندێك پێیان باشە ئەم حکومەتە تەنیا بە وەلاخســـتن و لاچوونی چارەسەر دەبێت و حکومەتداری بدرێتە دەست حکومەتێکی ڕاگوازراوی کاتی، پاش ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێستا بەم سیاسەتەی ئێستایان هەرچی بە پێوەمابێت دایدەڕمێنن، ســـێیەمین ســـیناریۆش کە قورســـترینیانە خۆی لەوەدا دەبینێتـــەوە بزاڤە چەکدارەکانـــی لایەنەکانی سۆدان بکەونە ســـەر هێڵی قەیران وبدەنە پاڵ ئەم نارەزایەتیە ئاشتیخوازانەیەو هەنجەت بدەنە حکومەت تا بە شێوەیەکی فراوان دایانپڵۆسێت، یان مانگرتنی ئاشتییانە ببێتە جەنگی ئەهلی و ئەو هەموو چەکە بەربڵاوانەی بە دەســـتی خەڵکـــی ســـۆدانەوەن تۆڵەو قیـــن و کینەی کەڵەکەبووی ناخی هەمـــووان دامرکێنێتەوەو ئەوەش بەو مانایـــەی بەهارە عارەبیەکە ببێتە پایزو موعاناتی گەلی سۆدانی درێژتربێتەوە لە وڵاتێکدا کە بە درێژایی ساڵانێکی زۆرە بە دەست شەڕو جەنگەکانەوە تلاونەتەوە.

**ئەو نارەزاییانەش**
**بە فیتی حزب و**
**هێزە سیاسییەکان یان**
**سەرکردەی یاخیبوو**
**نەبووە.بەقەد ئەوەی کە**
**دەرئەنجامی برسێتی و**
**بڵاوبوونەوەی هەژاری و**
**گرانی و بەرزبوونەوەی**
**لەرادەبەدەری نرخی**
**شتومەك و کاڵایە**